پێشەکی

إن الْحَمْدَ لِلَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ .

أما بعد

هیچ گومان لەوە دا نیە کاتێك خودای پەروەردگار مرۆڤی دروست کرد ، وە ڕزقی داوەو و هەروەاش جێی نەهێلاٌوە بەلٌکو نێردراوی بۆ ناردوە بۆ ئەوەی ڕێنموییان بکات ، بۆ سەرفرازی دونیا و قیامەت ، کەواتە سەرفرازی دونیا و قیامەت گرێ دراوە بە گوێڕایەلٌی کردن و کردەوە کردن بە ڕێنموییی و ئامۆژگاریەکانی پێغەمبەران (سەلامی خودای پەروەردگاریان لەسەر بێت) ، هەر لەبەر بەدەست هێنانی ئەم سەرفرازییە من هەلٌسام بە پشتیوانی خودای پەروەردگار بە کۆکردنەوەو وەرگێڕانی (٦٠) شەست فەرموودە ، کە گشتیان


باس لە گەورەیی و پاداشتی کردەوە چاکەکان دەکات ، وە هەر یەك لەم فەرموودانە باس لە گەورەیی و پاداشتێکی تایبەت دەکات ، وە هەوڵم داوە کە گشت فەرموودەکان (صحیح) بن ، فەرموودەی (ضعیف) ی تیا نیە ، چونکە گێڕانەوەو کردەوەکردن بە فەرموودەی (ضعیف) دروست نیە و بیدعەیە ، وە ئەو فەرموودانەی کۆم کردونەتەوە بریتین : لە (صحیح البخاري) ، وە (صحیح مسلم) وە (صحیح الأدب المفرد) و (صحیح جامع الصغیر وزیادته) وە (صحیح الجامع) وە (السلسلة الصحیحة) وە هەندێك کتابی تر ، وە هەروەها ئەم فەرموودانەم وەرگێڕاون بە گوێرەی تێگەیشتنی زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە ، وە سوودم وەرگرتووە لەشەرحی کتابەکانی ئەوان ڕەحمەتی خودای پەروەردگاریان لێبێت ، وە مەبەستم لە کۆکردنەوەو وەرگێڕانی ئەم فەرموودانە ئەوەیە ، ئەم فەرموودانە ببنە هاندەرێك بۆ ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان و بە دەست هێنانی سەرفرازی دونیا و دواڕۆژ ، وە داوا کارم لە خودای پەروەردگار زانستێکی سود بەخشمان پێ


ببەخشێت ، وە کردەوەیەکی وەرگێڕاومان پێ ببەخشێت ، وە وامان لێبکات مەبەستمان لە گشت ووتە و کردەوەکانمان تەنها ڕەزابوونی ئەوبێت ، بە دوورمان خات لەگشت جۆرە شرك و بیدعەو تاوانێك ، ئامین.

نوسینی

هەڵگورد مصطفی گەلاڵی

سۆران





فضل الصلاة على وقتها

گەورەیی و پاداشتی نوێژکردن لە کاتی خۆیدا

﴿عَن عبد الله بن مَسْعُود رَضي اللهُ عَنهُ قَالَ : «سألتُ النبي ﷺ أَيُّ العمل أحب إِلَى الله – تَعَالَى ؟ (قَالَ) : الصَّلَاة عَلَى (وَقتهَا) . قلت : ثمَّ أَي ؟ قَالَ : بر الْوَالِدين . قلت : ثمَّ أَي ؟ قَالَ : الْجِهَاد فِي سَبِيل الله﴾ صحيح (الإرواء) (١١٩٨).

واتە : عبداللە ی کوری مسعود (ڕەزای خودای پەروەردگاری لێبێت) ووتی : پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خودا ﷺ چ کردەوەیەك لە هەموو کردەوەکان لە لای خودای پەروەردگار خۆشەویسترە؟ ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : نوێژکردن لە کاتی خۆیدا ، ووتم : پاشان چ کردەوەیەك لە کردەوەکان لە لای خودای پەروەردگار خۆشەویسترە؟ ، فەرمووی: چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوك دا ، ووتم : پاشان چ کردەوەیەك لە کردەوەکان لە لای خودای پەروەردگار خۆشەویست ترە ، فەرمووی : تێکۆشان لە پێناو خودای پەروەردگار .

٢ فضل الذي يخالط الناس ويصبر على أذاهم

گەورەیی و پاداشتی ئەو کەسەی تێکەڵی خەڵك دەکات و ئارام دەگرێت لە سەر ئازار و ناخۆشییان

قَالَ : رسول الله ﷺ : ﴿الْمُؤْمِنُ الَّذِي يُخَالِطُ النَّاسَ ، وَيَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ ، خير مِنَ الَّذِي لاَ يُخَالِطُ النَّاسَ ، وَلاَ يَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ﴾ الصحيحة (٩٣٩) .

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ئەو باوەڕدارەی تێکەڵی خەڵك دەکات و ئارام دەگرێت لەسەر ئەو ئازار و ناخۆشیانەی پێی دەگەیێنن باشترە و خێری زیاترە لەو باوەڕدارەی تێکەڵی خەڵك ناکات و ئارام ناگرێت لەسەر ئازار و ناخۆشیەکانیان .

٣

فضل التأمين في الصلاة

گەورەیی و پاداشتی ووتنی (**آمین**) لە ناو نوێژدا

قَالَ : رسول الله ﷺ : ﴿إذا قَالَ الإمَام (غير المغضوب عَلَيْهِم وَلَا الضَّالّين) (فَقولُوا : آمين . فَإِنَّهُ من وَافق قَوْله قَول الْمَلَائِكَة غفر لَهُ مَا تقدم من ذَنبه﴾ صحيح البخاري (٧٨٢) .

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەر کاتێك ئیمام لە نوێژی جەماعەت دا ، ووتی: (غير المغضوب عَلَيْهِم وَلَا الضَّالّين) ئێوە بڵێن (آمین) ، چونکە بە تەئکید هەر کەسێك ووتنی : (آمین)ەکەی یەك بگرێت لەگەڵ ووتنی (آمین)ی فریشتەکان خودای پەروەردگار لە گشت تاوانەکانی ڕابردووی خۆش دەبێت .

وە لە فەرموودەیەکی تر دا هاتووە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : (إِذَا أَمَّنَ الإِمَامُ فَأَمِّنُوا ، فَإِنَّهُ مَنْ وَافَقَ تَأْمِينُهُ تَأْمِينَ الْمَلائِكَةِ : غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ) **واتە هەرکاتێك ئیمام**

ووتی : (آمین) ئێوەش بڵێن (آمین) ، چونکە بە تەئکید هەر کەسێك ئامینەکەی یەك بگرێت لەگەڵ ئامینی فریشتەکان خودای پەروەردگار لە گشت تاوانەکانی ڕابردووی دەبورێت.

٤ فضل التبكير للذهاب إلى الجمعة

گەورەیی و پاداشتی پەلە کردن لەسەرەتای ڕۆژ دا بۆ چونە نوێژ و ووتاری ڕۆژی هەینی

قَالَ رسول الله ﷺ : ﴿من اغتسل يوم الجمعة غسل الجنابة ثم راح ، فكأنما قرب بدنة ، ومن راح في الساعة الثانية ، فكأنما قرب بقرة ، ومن راح في الساعة الثالثة ، فكأنما قرب كبشا أقرن ، ومن راح ، في الساعة الرابعة ، فكأنما قرب دجاجة ، ومن راح في الساعة الخامسة ، فكأنما قرب بيضة ، فإذا خرج الإمام حضرت الملائكة يستمعون الذكر﴾ صحيح البخاري (٨٨١) .

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : هەر کەسێك خۆی بشوات لە ڕۆژی هەینی دا وەك خۆ شوشتنی بۆ جەنابەت پاشان بڕوات بۆ نوێژو ووتاری هەینی ، واتە پەلە بکات دوای خۆر هەڵاتن و سەرەتای ڕۆژەکە بڕوات بەرەو مزگەوت ، پاداشتی ئەو کەسە وەکو ئەوە وایە

ووشترێکی لە پێناو خودا سەر ببڕێت وە کردبیەتیە خێر ، وە هەر کەسێك بڕوات لە کاتی دووەم دا ، واتە هەندێك دوا بکەوێت لە کاتی ئەو کەسەی پێشتر چوو بوو بەرەو مزگەوت ، پاداشتی ئەو کەسەش وەکو ئەوە وایە مانگایەکی کردبێتە خێر ، وە هەر کەسێك لە کاتی سێیەم دا بڕوات واتە زیاتر دوا بکەوێت لەوەی پێش خۆی پاداشتی ئەو کەسەش وەکو ئەوە وایە مەڕێکی نێری شاخ داری کردبێتە خێر ، وە هەر کەسێك لە کاتی چوارەم دا بڕوات ، پاداشتی ئەو کەسەش وەکو ئەوە وایە مریشکێکی کردبێتە خێر ، وە هەر کەسێك لە کاتی پێنجەم دا بڕوات ، واتە نزیکی دەست پێکردنی ووتار ، پاداشتی ئەو کەسەش وەکو ئەوە وایە هێلکەیەکی کردبێتە خێر ، جا هەر کاتێك ئیمام هاتە ناو مزگەوت و چوە سەر میمبەر بۆ ووتار ووتن ، یەکسەر فریشتەکان دێنە ناو مزگەوت و ئامادە دەبن و گوێ دەگرن لە یادی خودا کە بریتین لە قورئان و فەرموودەو ئامۆژگاری ئیمامەکە ، وە واز دێنن لە نوسینی پاداشتی هاتن بەرەو جومعە ، واتە هەر

کەسێك لە دوای دەست پێکردنی ووتاری ئیمام بێتە مزگەوت پاداشتی پەلە کردن بۆ هاتنە مزگەوتی لە دەست دەچێت ، بەڵام پاداشتی جومعەکەی پێ دەگات و بۆی دەبێت .


٥ فضل مَن صلى على جنازة ثم انتظر حتى تدفن

گەورەیی و پاداشتی ئەو کەسەی کە نوێژ لەسەر مردویەك دەکات ، پاشان چاوەڕوان دەکات تاوەکو دەشاردرێتەوە

قَالَ رسول الله ﷺ : ﴿مَنْ شَهِدَ الْجَنَازَةَ حَتَّى يُصَلِّىَ عَلَيْهَا فَلَهُ قِيرَاطٌ ، وَمَنْ شَهِدَ حَتَّى تُدْفَنَ كَانَ لَهُ قِيرَاطَانِ ، قِيلَ : وَمَا الْقِيرَاطَانِ ؟ قَالَ : مِثْلُ الْجَبَلَيْنِ الْعَظِيمَيْنِ﴾ صحيح البخاري (١٣٢٥).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمویەتی : هەر کەسێك ئامادە بێت لەسەر مردویەك تاوەکو نوێژی لەسەر دەکات ، ئەو کەسە بە ئەندازەی چیایەکی زۆر گەورە پاداشتی بۆ هەیە ، وە هەر کەسێك لە دوای نوێژ کردنەکە هەر ئامادە بێت تاوەکو مردووەکە دەشاردرێتەوە ئەو کەسە بە ئەندازەی دوو چیای زۆر گەورە پاداشتی بۆ هەیە ، ووتیان : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئایا (قیراطان) چیە ؟

پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : وەکو دوو چیای گەورە وایە ، کەواتە ووشەی (قیراط) واتە : پاداشت بە ئەندازەی چیایەکی زۆر گەورە ، وە ووشەی (قیراطان) واتە : پاداشت بە ئەندازەی دوو چیای زۆر گەورە .



٦ فضل صدقة الشحيح الصحيح

گەورەیی و پاداشتی ماڵ بەخشین لە لایەن ئەو کەسەی ڕزیل و لەش ساغە

جاء رجل إلى النبي ﷺ فقال : يا رسول الله ﷺ : ﴿أَيُّ الصَّدَقَةِ أَعْظَمُ أَجْرًا؟ قَال : ﴿أَنْ تَصَدَّقَ وَأَنْتَ صَحِيحٌ شَحِيحٌ ، تَخْشَى الْفَقْرَ وَتَأْمُلُ الْغِنَى ، وَلاَ تُمْهِل حَتَّى إِذَا بَلغَتِ الْحُلْقُومَ ، قُلْتَ لِفُلاَنٍ كَذَا ، وَلِفُلاَنٍ كَذَا ، وَقَدْ كَانَ لِفُلاَنٍ﴾ صحيح البخاري (١٤١٩).

واتە : پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری خودا ﷺ ووتی : ئەی نێردراوی خودا ، چ جۆرە ماڵ بەخشینێك لە هەموو جۆرەکانی ماڵ بەخشین پاداشتی گەورەترە؟ پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : تۆ ماڵ ببەخشی لەو کاتەی کە تۆ لەش ساغی هیچ نەخۆشیەکت لێ نیە کە ببێتە هۆی نەمانی ئومێد و ئاواتت لە ژیان دا ، وە لەو کاتەی کە تۆ زۆر ڕزیلی دەستت

گرتووە بە ماڵ و پارەت بۆ ئەوەی لە دەستت نەچێت و دەترسیت فەقیر بیت ، وە لەو کاتەی ئومێد و ئاواتی دەوڵەمەندیت هەبێت ، جا ماڵ بەخشین دوا مەخە تا ڕۆحت دگاتە گەردەنت و مردنت بە سەر دادێت ، پاشان لەو کاتەدا وەصیەت دەکەیت و دەڵێیت بۆ فلانە کەس ئەوەندە ، وە بۆ فلانە کەس ئەوەندە ، وە بە دڵنیایی ماڵەکەت هەر بۆ فلانە کەسە ، واتە ئەگەر پێش ئەوەی مردنت بەسەر دابێت ماڵەکەت نەبەخشیبێت لە دوات دەمێنێتەوە جگە لە تۆ وەری دەگرێت و سەرفی دەکات ، کە ئەویش میرات گرەکەی تۆیە .

الله أكبر

٧


فضل الحج والعمرة

گەورەیی و پاداشتی چوونە حەج و عومرە

قَالَ رسول الله ﷺ : ﴿الْعُمْرَةُ إِلَى الْعُمْرَةِ كَفَّارَةٌ لِمَا بَيْنَهُمَا ، وَالْحَجُّ الْمَبْرُورُ لَيْسَ لَهُ جَزَاءٌ إِلاَّ الْجَنَّةَ﴾ صحيح البخاري (١٧٧٣).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : عومرە کردن بۆ عومرەیەکی تر دەبێـە هۆی ڕەشکردنەوەی گشت تاوانە بچوکەکان کە لە نێوان ئەم دوو عومرەیە ئەنجامت داوە ، وە ئەنجام دانی حەجی تەواو و باش کە قبوڵ کراوە لە لایەن خودای پەروەردگار ئەم جۆرە حەجکردنە بەهەشت بۆ خاوەنەکەی بە دەست دێنێت .

ووشەی (المبرور) واتە : قبوڵ کراو ، کە خاوەنەکەی هیچ تاوانێکی لەگەڵ تێکەڵ نەکردووە .



فضل الزرع والغرس

گەورەیی و پاداشتی دانەوێڵەو دار چاندن

قَالَ رسول الله ﷺ : ﴿مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَغْرِسُه غَرْسًا أَوْ يَزْرَعُ زَرْعًا ، فَيَأْكُلُ مِنْهُ طَيْرٌ أَوْ إِنْسَانٌ أَوْ بَهِيمَةٌ ، إِلَّا كَانَ لَهُ بِهِ صَدَقَةٌ﴾ صحيح البخاري (٢٣٢٠).

واتە : هیچ موسوڵمانێك نیە دارێك بچێنێت ، یان دانەوێڵەیەك بچێنێت ، ئینجا لە بەرهەمی ئەم دارەیان ئەم دانەوێڵەیە باڵندەیەك بیخوات یان مرۆڤێك بیخوات یان چوار پێیەك بیخوات ، ئیللا بۆ ئەو موسوڵمانە هەیە خێر و پاداشت .

٩

فضل إخفاء الصدقة

گەورەیی و پاداشتی ماڵ بەخشین بە نهێنی

قَالَ رسول الله ﷺ : ﴿سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ: يَوْمَ لاَ ظِلَّ إِلاَّ ظِلُّهُ الإِمَامُ الْعَادِلُ ، وَشَابٌّ نَشَأَ فِي عِبَادَةِ الله ، وَرَجُلٌ قَلْبُهُ مُعَلَّقٌ فِي الْمَسَاجِدِ ، وَرَجُلاَنِ تَحَابَّا فِي اللهِ اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ ، وَرَجُلٌ طَلَبَتْهُ امْرَأَةٌ ذَاتُ مَنْصِبٍ وَجَمَالٍ ، فَقَالَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ ، وَرَجُلٌ تَصَدَّقَ بصدقة فأخفاها حَتَّى لاَ تَعْلَمَ يمينه مَا تُنْفِقُ شيماله ، وَرَجُلٌ ذَكَرَ اللَّهَ خَالِيًا فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ﴾ صحيح مسلم (١٠٣١).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : حەوت کەس هەنە خودای پەروەردگار لە ڕۆژی دوایدا لە ژێر سێبەری عەرشی خۆی عەشریان دەکات لە ڕۆژێك کە هیچ سێبەرێك نیە تەنها سێبەری عەرشی خودای پەروەردگار نەبێت ، یەکەمیان : پێشەوایەکی دادپەروەر ، دووەمیان : گەنجێك گەورە بوبێت لە ناو عیبادەتی خودای پەروەردگار ، سێیەمیان : پیاوێك دڵی گرێ درابێت بە مزگەوتەکان ، چوارەمیان : دوو پیاو

یەکتریان خۆش دەوێت لە پێناو خودای پەروەردگار بەیەکەوە لەسەر ئەم خۆشەویستیە کۆ دەبنەوە وە لەسەر ئەم خۆشەویستیە لەیەکتر جیا دەبنەوە ، پێنجەمیان : پیاوێکە ئافرەتێکی خاوەن ماڵ و عەشیرەت و جوان بانگی بکات بۆ زیناکردن لەگەڵی بەڵام کوڕەکە دەڵێت بەڕاستی لە خودای پەروەردگار دەترسم ئەم کارە خراپە ناکەم ، شەشەمیان : پیاوێکە کاتێك ماڵێك دەبەخشێت ئەوەندە بە نهێنی دەی بەخشێت تاوەکو دەستی ڕاستی نازانێت دەستی چەپی چی بەخشیوە ، - خوێنەری بەڕێز : بەڵام لە صحیح بخاری دا هاتووە : (حَتَّى لاَ تَعْلَمَ يمينه مَا تُنْفِقُ شيماله) واتە : دەستی چەپ نەزانێت دەستی ڕاست چی بەخشیوە ، زانایان دەڵێن ئەم مانایە تەواوترە چونکە ماڵ بەخشین بە دەستی ڕاست دەکرێت نەك چەپ ، حەوتەمیان : پیاوێکە یادی خودای پەروەردگار دەکات بە تەنها و نهێنی ، بێ ئەوەی هیچ کەسێك ئاگای لێبێت ، پاشان هەردوو چاوەکانی فرمێسکی لێ دێتە خوارەوە.


١٠ فضل العبادة في الهَرْج

گەورەیی و پاداشتی عبادەت کردن لە کاتی فیتنە و شەڕ

قَالَ رسول الله ﷺ : ﴿الْعِبَادَةُ فِي الْهَرْجِ كَهِجْرَةٍ إِلَيَّ﴾ رواه مسلم.

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : پاداشتی عیبادەت کردن و بەردەوام بوون لەسەری لەکاتی فیتنە و شەڕ و تێکەڵ بوونی خەڵك لەگەڵ دونیا و شتی خراپ وەکو کۆچ کردن بەرەو لای من وایە ، واتە : پاداشتی عیبادەتی ئەم جۆرە کەسانە لەم سەردەمە خراپە دا وەکو پاداشتی ئەو کەسە وایە کە لەسەردەمی پێغەمبەری خودا ﷺ کۆچی کردووە لە پێناوی خودا لە مەککە وە بۆ مەدینە ، هەر وەکو پێغەمبەری خودا ﷺ لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت : (فمن كانت هجرته إلى الله ورسوله فهجرته إلى الله ورسوله) واتە : هەر کەسێك کۆچ بکات لە مەککەوە بۆ مەدینە لە پێناو خودای پەروەردگار و مەبەستی خودای پەروەردگار و شوێنکەوتن و

گوێڕایەڵی پێغەمبەری خودا بێت ، بۆ ئەوکە هەیە پاداشت لە لای خودای پەروەردگار لەسەر نیەتە پاکەکەی بۆ خودای پەروەردگار و شوێن کەوتن و گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەری خودا ﷺ .



١١ فضل قراءة سورة الاخلاص

گەورەیی و پاداشتی خوێندنی سورەتی (الاخلاص)

قال رسول الله ﷺ : ﴿(من قرأ (قل هو الله أحد) عشر مَرَّاتٍ بَنَى اللهُ له بيتاً في الجنة)﴾ صحيح الجامع برقم :٦٤٧٢.

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ﴿ هەر کەسێك بخوێنێت سورەتی (الإخلاص) دە (١٠) جار خودای پەروەردگار خانوویەکی زۆر گەورەی بۆ دروست دەکات لە بەهەشت .

١٢ فضل قراءة سورة الكهف في يوم الجمعة

گەورەیی و پاداشتی خوێندنی سورەتی کەهف لە ڕۆژی هەینی دا

قال رسول الله ﷺ : ﴿مَنْ قَرَأَ سُورَةَ الْكَهْفِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ ، أَضَاءَ لَهُ مِنْ النُّورِ مَا بَيْنَ الْجُمُعَتَيْنِ﴾ صحيح الجامع الصغير وزيادته .

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمویەتی : هەر کەسێك لە ڕۆژی هەینی دا سورەتی کەهف بخوێنێت ، خودای پەروەردگار خوێندنی ئەم سورەتە دەکاتە نورێك لە ناو دڵی دا بە ئەندازەی نێوان ئەم هەفتەیە کە ئەم سورەتەی تیا خوێندوە ، وە ئەم هەفتەیەی کە لە دوای دێ ، واتە : پاداشتی خوێندنی ئەم سورەتەی بە بەردەوامی پێ دەگات لە گشت ڕۆژی هەفتەکە تاوەکو هەفتەی داهاتوو .

١٣ فضل حفظ عشر آيات من أول سورة الكهف

گەورەیی و پاداشتی لەبەرکردنی (١٠) دە ئایەت لەسەرەتای سورەتی کەهف لە ڕۆژی هەینی دا

قال رسول الله ﷺ : ﴿من حفظ عشر آيات من أول سورة الكهف عُصم من فتنة الدجال﴾ صحيح الجامع الصغير وزيادته .

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : هەر کەسێك لەسەرەتای سورەتی کەهف (١٠) دە ئایەتی لەبەر بکات ، ئەوا خوای پەروەردگار ئەو کەسە دەپارێزێت لەشەڕ و خراپەی دەجاڵ.

خوێنەری بەڕێز : زانایان دەڵێن هۆکاری لەبەر کردنی ئەم (١٠) ئایەتە ئەوەیە کە ئەم ئایەتانە باس لە چەند شتانێکی گرینك دەکەن هەر کەسێك بیری لێ بکاتەوە توشی شەڕی دەجاڵ نابێت .

وە (دجّال) واتە : ئەو کەسەی زۆر درۆزنە و شت تێکەڵ دەکات ، وە (دجال) کەسێکە لە پێش هاتنی ڕۆژی دوایی دێت ، کەسێکی پرچ ئاڵۆزە و چاوی ڕاستەی عەیب دارە و وەکو دەنکە ترێ دەرپەڕیوە ، وە لە نێوچەوانی نوسراوە کافر هەموو موسوڵمانێك دەتوانێت بیخوێنێتەوە چ خوێندەوار یان نەخوێندەوار ، وە (دجال) بە دەستی پێغەمبەر (عیسى) علیه السلام دەکوژرێت کاتێك لە ئاسمان دێتە خوارەوە .

١٤ فضل قراءة آية الكرسي دبر كل صلاة

گەورەیی و پاداشتی خوێندنی ئایەتی کورسی لە دوای گشت نوێژەکان

قال رسول الله ﷺ : ﴿من قرأ آية الكرسي دبر كل صلاة مكتوبة لم يمنعه من دخول الجنة إلا أن يموت﴾ صحيح الجامع الصغير وزيادته .

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : هەر کەسێك لە دوای گشت نوێژە فەرزەکان ئایەتی (الكرسى) بخوێنێت ، هیچ شتێك لەبەردەمی نابێتە بەربەست لە چونی بۆ بەهەشت ، تەنها مردن نەبێت ، واتە : ئەگەر هاتو لە دوای خوێندنی ئایەت (الكرسى) مرد ئەوا دەچێتە بەهەشت .

١٥ فضل قراءة سورة الكافرون عند النوم

گەورەیی و پاداشتی خوێندنی سورەتی کافرون لە کاتی نوستن .

قال رسول الله ﷺ : ﴿إذا أخذت مضجعك من الليل فاقرأ { قل يا أيها الكافرون } ثم نم على خاتمتها فإنها براءة من الشرك﴾ صحيح الجامع الصغير وزيادته .

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : کاتێك لەشەو دا چویتە سەرجێگاکەت و پاڵکەوتی سورەتی کافرون بخوێنە تا کۆتایی ، پاشان بخەوە ، چونکە سوورەتی کافرون مرۆڤ بە دوور دەکات لە هاوەڵ بڕیاردان بۆ خودای پەروەردگار ، چونکە ئەم سورەتە باس لە بەتەنها خواپەرستی دەکات و باس لە دورکەوتنەوە لە پەرستنی جگە لە خوای پەروەردگار دەکات .

تێبینی : (شرك) واتە : کەسێك لەگەڵ خوای پەروەردگار بپەرستڕێت ، یاخود یەکێك لە عیبادەتەکان بۆ غەیری خودا سەرف بکەی ، وەکو بڵێیت (یا رسول الله هاوار ، یان ، یا شێخ عبدالقادر گەیلانی هاوار) بە هانام وەرە ، ئەم جۆرە هاوارکردنە (شرك)ەو لەهەموو گوناهێك گەورەترە ، خوای پەروەردگار لە خاوەنەکەی خۆش نابێت ئەگەر تەوبەی لەسەر نەکات ، بەڵگەش لەسەر ئەوەی هاوارکردن جگە لە خوای پەروەردگار (شرك)ە ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کە خوای پەروەردگار دەفەرمویێت : ﴿وَأَنَّ الْمَسَاجِدَ لِلَّهِ فَلَا تَدْعُوا مَعَ اللَّهِ أَحَدًا (الجن:١٨)﴾ واتە : مزگەوتەکان ماڵی خودان و لەگەڵ خودای پەروەردگار داوا لە هیچ کەسێك مەکەن ، زانایانی أصولی دەڵێن : لەم ئایەتە پیرۆزەدا ووشەی (أحدا) هاتووە کە ووشەیەکی نەکیرەیە وە سیاقی کەلامیش نەهیە ، واتە : لای ناهیەی تیا هاتووە ، بۆیە دەڵێن فایدەی عموم دەدات واتە گشت شتێك دەگرێتەوە جگە لە خودا وەکو سەنەم و دار و بەرد و قەبر و مەلائیکەت و پێغەمبەران و پیاوچاکان ... هتد .

وە داواکردن عبادەتە بۆیە نابێت داوا لە جگە لە خوای پەروەردگار بکرێت چونکە دەبێتە هۆی عبادەتکردن بۆ جگە لە خوای پەروەردگار ئەمەش (شرك)ەو جائیز نیە .

وە بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە خوای پەروەردگار لە (شرك) خۆش نابێت ئەگەر خاوەنەکەی تەوبە نەکات پێش مردنی ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کە خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ ۚ (النساء:٤٨)﴾ واتە : بە تەئکید خودای پەروەردگار لە (شرك) خۆش نابێت بەڵام لە جگە لە (شرك) خۆش دەبێت بۆ ئەو کەسەی کە خوای پەروەردگار بیەوێت .

لە کۆتاییدا : خوێندنی سورەتی (الكافرون) پێش خەوت زۆر بەسودە بۆ سەلامەتی بیروباوەڕی موسوڵمانان ، وە پێویستە ماناکەشی بزانن و بیر لە مانای ئایەتەکانی بکەنەوە .


١٦ فضل الدعاء بعد الوضوء

فەزڵی دوعاکردن لە دوای دەست نوێژ شوشتن

قَالَ رَسُول الله ﷺ : ﴿من تَوَضَّأ فَأحْسن الْوضُوء ثمَّ قَالَ : أشهد أَن لَا إِلَه إِلَّا الله وَحده لَا شريك لَهُ وَأَن مُحَمَّدًا عَبده وَرَسُوله ، اللَّهُمَّ اجْعَلنِي من التوابين واجعلني من المتطهرين . فتحت لَهُ ثَمَانِيَة أَبْوَاب الْجنَّة يدْخل من أَيهَا شَاءَ﴾ صحيح الجامع الصغير وزيادته .

واتە : پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : هەر کەسێك بە تەواوی دەست نوێژ بشوات بەبێ کەم و کوری ، پاشان بڵێ دان دەنێم بەوەی کەوا هیچ پەرستراوێکی بەحەق نیە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە (الله) تەنها خودای تاك و تەنها شایەنی پەرستنە ، وە هیچ هاوەڵێکی نیە لە پەرستن و دروست کردن و ناو و سیفەتەکانی دا ، وە دان بەوە دا دەنێم و شایەتی دەدەم کە بە تەئکید (محمد) ﷺ بەندەی خودای

پەروەردگارە و نێردراوی ئەوە ، خودای پەروەردگار من لە تەوبەکاران حیساب بکە ، وە لەو کەسانەم حیساب بکە کە پاککراونەتەوە لە گوناه و تاوانەکان ، لە دوای خوێندنی ئەو دوعایە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : هەر هەشت دەرگای بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە ، کام دەرگای بوێت دەتوانێت تیایدا بچێتە ژوورەوە .



١٧

فضل صلاة ركعتين بعد الوضوء

فەزڵی کردنی دوو رکعەت نوێژ لە دوای دەست نوێژ

قال رسول الله ﷺ : ﴿بِمَ سَبَقْتَنِي إِلَى الْجَنَّةِ ؟ مَا دَخَلْتُ الْجَنَّةَ قَطُّ إِلاَّ سَمِعْتُ خَشْخَشَتَكَ أَمَامِي ، فَأَتَيْتُ عَلَى قَصْرٍ مُرَبَّعٍ مُشَرَّفٍ مِنْ ذَهَبٍ ، فَقُلْتُ : لِمَنْ هَذَا الْقَصْرُ ؟ فَقَالُوا : لِرَجُلٍ مِنَ الْعَرَبِ ، فَقُلْتُ : أَنَا عَرَبِيٌّ ، لِمَنْ هَذَا الْقَصْرُ ؟ قَالُوا : لِرَجُلٍ مِنْ أُمَّةِ مُحَمَّدٍ ، قُلْتُ : أَنَا مُحَمَّدٌ ، لِمَنْ هَذَا الْقَصْرُ ؟ قَالُوا : لِعُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ ، فَقَالَ بِلاَلٌ : يَا رَسُولَ اللهِ ، مَا أَذَّنْتُ قَطُّ إِلاَّ صَلَّيْتُ رَكْعَتَيْنِ ، وَمَا أَصَابَنِي حَدَثٌ قَطُّ إِلاَّ تَوَضَّأْتُ وصليتُ ركعتين ، فقال بهذا) صحيح الجامع حديث رقم ٧٨٩٤.

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمویەتی : ئەی بیلال بە چ شتێك تۆ پێش من کەوتیەوە لە بەهەشت ، هیچ کاتێك نەچومەتە بەهەشت ئیلا لە پێش خۆمەوە گوێم لە دەنگی ڕۆیشتنی تۆ بووە ، خوێنەری بەڕێز زانایان دەفەرموون : ئەم فەرموودەیە مانای ئەوە نیە کە بیلال پێش پێغەمبەری

خودا ﷺ دەچێتە بەهەشتەوە بەڵكو یەكەم كەس كە دەرگای بەهەشتی بۆ دەكرێتەوە پێغەمبەری خۆشەویستمانە ﷺ كە لە فەرموودەدا هاتووە ، دەرگەوانی بەهەشت بە پێغەمبەری خودا ﷺ دەڵێت : ئەمرم پێكراوە كە پێش تۆ دەرگا بۆ هیچ كەسێك نەكەمەوە ، بەلاٚم ئەو خەونەی كە پێغەمبەری خودا ﷺ بینیویەتی بە بیلال ماناكەی ئەوەیە كە بیلال یەكێكە لە ئەهلی بەهەشت و لەگەڵ پێغەمبەری خودا دا ﷺ دەبێت لێی جیا نابێتەوە .

مانای تەواوی فەرموودەكە ئەوە بوو كە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : چوم بۆ لای كۆشكێكی چوار گۆشەو بەرز كە لە زێڕ دروست كرابوو ، ووتم ئەم كۆشكە بۆ كێیە ، ووتیان بۆ پیاوێكە لە عەرەب ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : من عەرەبم ، ئایا ئەم كۆشكە بۆ كێیە ؟ ووتیان بۆ پیاوێكە لە قوڕەیش ، فەرمووی من قرەیشیم ، ئایا ئەم كۆشكە بۆ كێیە ؟ ووتیان: بۆ پیاوێكە لە ئومەتی محمد ﷺ ووتم: من (محمد)م بۆ كێیە ئەم كۆشكە؟ ووتیان: بۆ عومەری كوری خەتابە پاشان بیلال ووتی ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ هیچ جار بانگم

نەدەدا ئیلا دوو ڕکعەت نوێژم دەکرد ، وە هیچ جار دەست نوێژم نە دەشکا ئیلا دەست نوێژم دەگرتەوەو دوو رکعەت نوێژم دەکرد ، ئینجا پێغەمبەری خودا ﷺ پێی فەرمووە : ئەوە لەبەر ئەم دوو رکعەت نوێژە بووە کە لە دوای بانگ و لە دوای دەست نوێژ کردبووی بە بەردەوامی .

١٨ فضل ذكر : الله أكبر كبيراً والحمد لله كثيراً و سبحان الله بكرةً وأصيلاً ، بعد تكبيرة الاحرام في الصلاة

فەزڵی ووتنی ئەم زیکرە لە دوای کردنی تەکبیرەی دابەستنی نوێژ واتە پێش خوێندنی سورەتی (الفاتحە) .

قال رسول الله ﷺ : ﴿بَيْنَمَا نَحْنُ نُصَلِّى مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ إِذْ قَالَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ اللَّهُ أَكْبَرُ كَبِيرًا وَالْحَمْدُ لِلَّهِ كَثِيرًا وَسُبْحَانَ اللَّهِ بُكْرَةً وَأَصِيلاً. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مَنِ الْقَائِلُ كَلِمَةَ كَذَا وَكَذَا قَالَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ أَنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ عَجِبْتُ لَهَا فُتِحَتْ لَهَا أَبْوَابُ السَّمَاءِ﴾ صحيح مسلم .

واتە : کوری ئیمامی عومەر رضي الله عنهما فەرمووی : جارێکیان ئێمە نوێژمان دەکرد لەگەڵ پێغەمبەری خودا ﷺ ، لە ناکاو یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم زیکرەی فەرموو کە لە فەرموودەکە دا هاتووە ، کە ئەمەش ماناکەیەتی : خودای پەروەردگار لە هەموو شتێك گەورەترە

و سوپاس و ستایشێکی زۆر بۆ خودای پەروەردگار ، وە پاکی و بێگەردی لە هەموو کەم و کوریەك بۆ خودای پەروەردگار لە بەیانیان و ئێواران دا ، ئینجا پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : کێ بوو ئەم زیکرەی خوێند ؟ یەکێك لە هاوەڵەکان ووتی من بووم ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : ﴿ سەرسام و موعجیب بووم بۆ ئەم زیکرە ! گشت دەرگاکانی بەهەشتی بۆ کرایەوە .

ئینجا کوری ئیمامی عومەر رضي الله عنهم فەرمووی : هەرگیز ئەم زیکرەیەم واز لێ نەهێنا لەو کاتەی گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو ﷺ کە ئەم ووتەیەی فەرموو .

١٩ فضل ذكر (ربنا ولك الحمد حمداً كثيراً طيباً مباركاً فيه

فەزڵی ووتنی ئەم زیکرە لە دوای هەستانەوە لە رکوعدا

عَنْ رِفَاعَةَ بْنِ رَافِعٍ الزُّرَقِيِّ ، قَالَ: ﴿كُنَّا يَوْمًا نُصَلِّي وَرَاءَ النَّبِيِّ ﷺ ، فَلَمَّا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ الرَّكْعَةِ ، قَالَ : سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ ، قَالَ رَجُلٌ وَرَاءَهُ : رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ ، حَمْدًا كَثِيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فِيهِ ، فَلَمَّا انْصَرَفَ ، قَالَ : مَنِ الْمُتَكَلِّمُ ؟ قَالَ : أَنَا ، قَالَ : رَأَيْتُ بِضْعَةً وَثَلاَثِينَ مَلَكًا يَبْتَدِرُونَهَا ، أَيُّهُمْ يَكْتُبُهَا أَوَّلَ﴾ صحيح البخاري (١/٢٠٢)(٧٩٩).

واتە : رفاعە دەڵێت : ڕۆژێکیان ئێمە نوێژمان دەکرد لە دوای پێغەمبەری خودا ﷺ ، جا کیتێك پێغەمبەری خودا ﷺ سەری بەرز کردەوە لە رکوع و فەرمووی : (سمع الله لمن حمده) واتە : خودای پەروەردگار وەڵامی ئەو کەسەی داوە کە حەمد و سوپاسی خودای پەروەردگاری کرد ، هەر لەم کاتەیا یەکێك لە هاوەڵەکانی لە دوای پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم دوعایەی کرد کە لە فەرموودەکە دا هاتووە ، ئەمەش ماناکەیەتی:

پەروەردگاری ئێمە هەر بۆ تۆیە سوپاس و ستایش ، سوپاسێکی زۆر دوور لە ریا و سومعە وە حەمدێکی وا کە زۆر خێر و پاداشتی لەگەڵ بێت ، جا کاتێك لە نوێژ تەواو بوون ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی :کێ بوو ئەم دوعایەی خوێند ؟ کەسەکە ووتی من بووم ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : سی و ئەوەندە مەلائیکەتە پەلەیان دەکرد بزانن کامیان دەتوانێت پێش ئەوی تریان پاداشتی ئەم دوعایە بنوسێت .

تێبینی : ووشەی (بِضْع) لە زمانی عەرەبیدا لە (٣) تاوەکو (١٠) بەکاردێت ، واتە : (٣٤) یان (٣٧) یان (٣٩) مەلائیکە .

٢٠ فضل المحافظة على السُنن الرواتب

فەزڵی چاودێری کردن و بەردەوام بوون لە سەر نوێژە سوننەتەکانی دوای فەرزەکان ، یان پێش فەرزەکان

قال رسول الله ﷺ : ﴿من صلّى في اليوم والليلة اثني عشرة ركعة تطوعاً ، بنى الله له بيتًا في الجنة﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە : هەر کەسێك دوانزە رکعەت نوێژی سوننەت بکات لە شەو و ڕۆژێك دا لەکاتی نوێژە فەڕزەکان ، جا هەندێك لەم نوێژە سونەتانە لە پێش نوێژە فەڕزەکان دەکرێن وە هەندێکیشیان لە دوای نوێژە فەڕزەکان دەکرێن ، پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : خودای پەروەردگار بە هۆی کردنی ئەم دوانزە رکعەتە خانویەکی لە بەهەشت بۆ دروست دەکات.

بۆ زانیاری ئەم دوانزە رکعەتە بەم شێوەیە ئەنجام دەدرێن :
چوار رکعەت لە پێش نوێژی نیوەڕۆ ، وە دوو رکعەت لە دوای دا ، وە دوو رکعەت لە دوای نوێژی مەغریب ،وە دوو رکعەت

لە دوای نوێژی عیشا، وە دوو رکعەت لە پێش نوێژی بەیانی ، کە کۆی نوێژە سونەتەکان لە کاتی نوێژە فەرزەکان دەکاتە دوانزە رکعەت واتە شەش نوێژی دوو رکعەتی .

تێبینی : سەبارەت بە نوێژی سوننەت پێش نوێژی عەسر لە فەرموودەیەك دا هاتووە کە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : ﴿رَحِمَ اللَّهُ امْرَأً صَلَّى قَبْلَ الْعَصْرِ أَرْبَعًا﴾ هذا الحديث حسنه الالباني رحمه الله في صحيح الجامع .

مانای فەرموودەکە : ڕەحمەتی خودای پەروەردگار لەو کەسە بێت کە پێش نوێژی عصر چوار رکعەت نوێژی سوننەت بکات.

٢١ فضل صلاة النافلة قبل الظهر وبعده

فەزڵی کردنی نوێژی سوننەت لە پێش نوێژی نیوەڕۆ وە لە دوای نوێژی نیوەڕۆ .

قال رسول الله ﷺ : ﴿من حَافظ عَلَى أَربع رَكْعَات قبل الظّهْر وَأَرْبع بعْدهَا حرمه الله عَلَى النَّار﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت : هەر کەسێك بەردەوام بێت لەسەر ئەنجام دانی چوار رکەعەت سونەت لە پێش نوێژی نیوەڕۆ ، وە بەردەوام بێت لەسەر کردنی چوار رکەعەت سونەت لە دوای نیوەڕۆ ، خودای پەروەردگار حرامی کردوە لەسەر خۆی کە ئەم کەسە بە ئاگر بیسوتێنێت .

٢٢

فضل صلاة النافلة قبل العصر

فەزڵی ئەنجامدانی نوێژی سونەت لەپێش نوێژی عەسر

قال رسول الله ﷺ : ﴿رَحِمَ اللّهُ امْرءًا صَلّى قَبْلَ الْعَصْرِ أَرْبَعًا﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە: پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: ڕەحمەتی خودا لەو کەسەی کە چوار رکعەت نوێژی سونەت بکات لە پێش نوێژی عەسر.

٢٣

فضل قيام الليل

گەورەیي و پاداشتی شەونوێژ کردن

قال رسول الله ﷺ : ﴿مَنْ قَامَ بِعَشْرِ آيَاتٍ لَمْ يُكْتَبْ مِنَ الْغَافِلِينَ ، وَمَنْ قَامَ بِمَئَةِ آيَةٍ كُتِبَ مِنَ الْقَانِتِينَ ، وَمَنْ قَامَ بِأَلْفِ آيَةٍ كُتِبَ مِنَ الْمُقَنْطِرِينَ﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە : پیغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: هەرکەسێك هەڵسێت بەشەو(١٠)دە ئایەت بخوێنێت لەنوێژا بەلاَم بە لەسەرخۆیی و بیرکردنەوە لە ماناکانی ، ئەو کەسە ناوی لەکتابی غافڵ و بێ ئاگاکان نانووسرێت ، وە هەر کەسێك هەڵسێت (١٠٠) سەد ئایەت بخوێنێت لە نوێژەکەی دا ئەو کەسە ناوی دەنوسرێت لە کتابی گوێڕایەڵ و ملکەچی بۆ خودای پەروەردگار ئەو کەسانەی کەوا زۆردەمێننەوە لەنوێژەکانیاندا درێژی دەکەنەوە ، وە هەر کەسێك هەڵسێت هەزار ئایەت بخوێنێت لە نوێژەکەیدا دا ناوی لە کتابی ئەوکەسانە دەنوسرێت کە خاوەنی پاداشتی زۆرن .

٢٤

فضل صلاة التطوع خفية


گەورەیی و فەزڵی نوێژی سونەت بەنهێنی

قال رسول الله ﷺ : ﴿صلاة الرجل تطوعا حيث لا يراه الناس تعدل صلاته على أعين الناس خمسا و عشرين﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە: پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموویت: نوێژی سونەتی ئەو پیاوەی کەبەنهێنی ئەنجامی دەدات بەو شێوەیەی کە خەڵك نەیبینێت ، پاداشتی زیاترە لەو نوێژەی کە لەبەر چاوی خەڵك دەیکات بە بیست و پێنج دەرەجەیە .

زانایان دەڵێن خودای پەروەردگار نویژی سونەتی بۆ ئەوەی داناوە تاوەکو خەڵك بەهۆی ئەنجامدانی بێی لە خودای پەروەردگار نزیك بنەوە ، جا ئەم نوێژە چەند بە ئخلاص ودوور لەریا ئەنجام بدرێت ئەوە زیاتر مرۆڤ لەریا و سومعە بەدوور دەبێت ، بەڵام نوێژی فەرز دەبێت بەئاشکرا و لەبەر چاوی خەڵك بکرێت لە مزگەوت بە

جەماعەت ، چونکە نوێژی جەماعەت بەبەڵگەی ئایەت و فەرموودە واجبە وە هۆکاری ئەنجام دانی نوێژی فەڕز بەئاشکرایی ، ئەوەیە کە خودای پەروەردگار ئەو شتانەی فەڕز کردون بە گەورە بگیرێن لەناو خەڵکدا خەڵکی لێی بەئاگابێت .



٢٥

فضل صلاة الضحى

گەورەیی وپاداشتی نوێژی چێشتەنگاو

قال رسول الله ﷺ : ﴿من صلى الضحى أربعا ، وقبل الأولى أربعا ، بني له بيت في الجنة﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واته : پیغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : هەرکەسێك چوار رکعەت نوێژی چێشتەنگاو بکات ، وە چوار رکعەتیش نوێژی سونەت پێش نوێژی نیوەڕۆ بکات ، بۆی دروست دەکرێت خانویەك لەبەهەشت بەهۆی ئەم نویژە سونەتانە .

٢٦ فضل وصل الصفوف وسد الفرج

گەورەیی و پاداشتی گە یاندنی ڕیزەکانی نوێژ و پڕکردنەوەی کەلێنەکان

قال رسول الله ﷺ : ﴿إِنَّ اللَّهَ وَمَلاَئِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى الَّذِينَ يَصِلُونَ الصُّفُوفَ ، وَمَنْ سَدَّ فُرْجَةً رَفَعَهُ اللَّه بِهَا دَرَجَةً﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە : پیغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : خودای پەروەردگار لەو کەسانە خۆش دەبێت کە ڕیزی نویژەکان دەگەیەنن بەیەك وکەلێنەکان پڕدەکەنەوە ، وە مەلائیکەتەکانیش داوای لێخۆش بوون دەکەن لە خودای پەروەردگار بۆ ئەم جۆرە کەسانە ، وە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرمویت : هەر کەسێك کەلێنێك بۆشایەك لەریزی نوێژدا پڕبکاتەوە خودای پەروەردگار دەرەجەیەك پلەو پاداشتی بەرزدەکاتەوە بەهۆی پڕکردنەوەی بۆشایی ئەم ریزە .

٢٧

فضل كثرة السجود لله تعالى

گەورەیی وپاداشتی زۆر سوجدە بردن بۆ خودای پەروەردگار

قال رسول الله ﷺ : ﴿مَا مِنْ عَبْدٍ يَسْجُدُ لِلَّهِ سَجْدَةً إِلاَّ كَتَبَ اللَّهُ لَهُ بِهَا حَسَنَةً وَحط بِهَا سَيِّئَةً ، وَرَفَعَ لَهُ بِهَا دَرَجَةً ، فَاسْتَكْثِرُوا مِنَ السُّجُودِ﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە : پێغەمبەر ﷺ هیچ بەندەیەك نیە سوجدە ببات لەنوێژدا بۆخوای پەروەردیگار ئیلا خودای پەروەردیگار خیریکی بۆ دەنوسیت وەتاوانیکی بۆ ڕەش دەکاتەوە ، وە پلەیەکی بۆ بەرز دەکاتەوە ، جازۆر سوجدە بردن بۆ خودای پەروەردگار ئیلا خودای پەروەردگار خێرێکی بۆ دەنوسێت ، وە تاوانێکی بۆ ڕەش دەکاتەوە ، وە پلەیەکی پێ بەرز دەکاتەوە ، جا زۆر سوجدە ببەن بۆ خودای پەروەردگار .

تیبینی : مەبەست لەسوجدە لەم فەرموودە پیرۆزە دا سوجدە لەناو نوێژدا ، نەك سوجدەی شوکر یان سوجدەی

قورئان خویندن ، چونکە سوجدەی شوکور یان سوجدەی تیلاوە مرۆڤ ئەمری پێنەکراوە زۆر سوجدە ببات لەم دووحاڵەتانە ، بەڵکو ئەم دوو سوجدانە هەندیك کات لەکاتی دیاریکراوی خۆی ئەنجام دەدرێت .


٢٨ فضل من صلّى الفجر في جماعة ، ثم ذكر الله حتى تطلع الشمس ، ثم صلى ركعتين

گەورەیی وپاداشتی ئەوکەسەی کە نوێژی بەیانی دەکات بەجەماعەت ، پاشان زیکری خودای پەروەردگار دەکات تاوەکو خۆر هەڵدێت ، پاشان دوو رکعەت نوێژی سونەت بکات.

قال رسول الله ﷺ : ﴿مَنْ صَلَّى الْفَجْرَ فِي جَمَاعَةٍ ، ثُمَّ قَعَدَ يَذْكُرُ اللَّهَ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ ، ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ ، كَانَتْ لَهُ كَأَجْرِ حَجَّةٍ وَعُمْرَةٍ ،: تَامَّةٍ ، تَامَّةٍ ، تَامَّةٍ﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە : پیغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : هەرکەسێك نوێژی بەیانی بەجەماعەت بکات پاشان لەشوێنی خۆی دابنیشێن و زیکری خودای پەروەردگار بکات تاوەکو خۆر بەقەدەر رمحێك هەڵدێت ، پاشان دوو رکعەت نوێژ بکات پاداشتی بۆ ئەو کەسە وەکو حەج و عومریە ، پیغەمبەری خودا ﷺ سێ جار فەرمووی پاداشتێکی تەواو تەواو تەواو بە قەد پاداشتی حەج و عومرەیە.

تێبینی : وە سەبارەت بە پاداشتی حەج وعومرە ، کە مانای ئەوە نیە کە کەسەکە بەم دوو رکعەتە فەرزی حەجی لەسەر لا دەکەوێت ، نەخێر بەڵکو تەنها پاداشتی حەج وعومرەی بۆ دەنوسرێت ، ئەگینا ئەگەر حەجی نەکرد بێت و توانای چونی هەبێت واجبە لەسەری بچێت ئەنجامی بدات .



٢٩ فضل إدراك التكبيرة الأولى مع الجماعة أربعين يوماً

گەورەیی وپاداشتی گەیشتن بە تەکبیری یەکەم لەگەڵ ئیمام دا لە نوێژی جەماعەت دا ، چل ڕۆژ لە دوای یەك

قال رسول الله ﷺ : ﴿من صَلَّى لله أَرْبَعِينَ يَوْمًا فِي جَمَاعَة يدْرك التَّكْبِيرَة الأولَى ، كُتِبَ لَهُ براءتان : بَرَاءَة من النَّار ، وَبَرَاءَة من النِّفَاق﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: هەرکەسێك بە ئیخلاسی واتە بەنیەت پاکی و دوور لە ریاو ، چل ڕۆژ بە بەردەوامی نوێژ بکات بە جەماعەت و بگات بە تەکبیرەی یەکەم ، کە تەکبیری نوێژدا بەستنە ، بۆ ئەو کەسە دەنوسرێت ڕزگار بوون لە دووشت ، ڕزگار بوونێك لە ئاگر وە ڕزگاربوون لە دوو ڕوویی .

خوێنەری بەڕێز هەر کاتێك ئەم فەرموودەیە کردەوە پێبکە ین بە دوور دەبین لەسیفاتی موونافیقەکان ، چونکە یەکێك

لەسیفەتەکانی مرۆڤی مونافیق ئەوەیە نوێژەکانی بەتەمبەڵی دەکات ، وە سەر گرانە لەهاتنی بۆنوێژی جەماعەت ، و بەڵکو زۆربەی جار هەر نایەت بەتایبەتی نوێژی بەیانی و نوێژی عیشا .

بە لگەش لەسەر سەرگرانی وتەمبەڵی مونافیقان بۆجەماعەت بە تایبەتی نوێژی بەیانی ونویژی عیشا ئەم فەرموودەیە :

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : ﴿إِنَّ أَثْقَلَ صَلَاةٍ عَلَى الْمُنَافِقِينَ صَلَاةُ الْعِشَاءِ وَصَلَاةُ الْفَجْرِ، وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِيهِمَا لَأَتَوْهُمَا وَلَوْ حَبْوًا ، وَلَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ آمُرَ بِالصَّلَاةِ فَتُقَامَ ، ثُمَّ آمُرَ رَجُلًا فَيُصَلِّيَ بِالنَّاسِ ، ثُمَّ أَنْطَلِقَ مَعِي بِرِجَالٍ مَعَهُمْ حُزَمٌ مِنْ حَطَبٍ إِلَى قَوْمٍ لَا يَشْهَدُونَ الصَّلَاةَ فَأُحَرِّقَ عَلَيْهِمْ بُيُوتَهُمْ بِالنَّارِ﴾ (متفق عليه) .

واتە: گران ترین نوێژ لەسەر مونافیقان نوێژی عیشاو نوێژی بەیانی یە بە جەماعەت ، ئەگەر بزانن پاداشتی چەند زۆرە کردنی ئەم دوو نوێژانە دەهاتن بۆ ئەنجام دانی ئەگەر لەسەر دەست و چۆکەکانیشیان با ، لەناو دڵی خۆم داناوە کەوا رۆژێك ئەمر بە نوێژ بکەم وقامەت بکرێت و پاشان ئەمر بەکەسێك بکەم لەجیاتی من نوێژ بۆ خەڵك بکات ، پاشان

کۆمەڵێك پیاو لەگەڵ خۆم ببەم و هەندێك دار هەڵبگرن و ماڵ بەسەر ئەو کەسانە بسوتێنم کە ئامادە نابن بۆ نوێژی جە ماعەت .

زانایان دەڵێن : ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر واجبیەتی نوێژی جەماعەت چونکە ئەگەر واجب نەبوایە چۆن پێغەمبەری خودا ﷺ هەڕەشەی ماڵ سوتاندن دەکات لەسەر شتێك کە واجب نەبێت ، جا بۆیە نەهاتن بۆ نوێژی جەماعەت تاوانە چونکە هەڕەشەی لەسەر کراوە بە ئاگر.


وە خودای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿وَارْكَعُواْ مَعَ الرَّاكِعِينَ (البقرة:٤٣)﴾ واتە: رکوع بەرن لەگەڵ رکوع بەران ، خودای پەروەردگار بە جەماعەت ئەمری کردوە بە رکوع بردن کە ئەویش بە جە ماعەت دەکریت ، وە زۆر بەڵگەی تر هەیە لەسەر واجب بونی نوێژی جەماعەت نامەویت لیرە باسی بکەم لە بەردرێژبونەوەی بابەتەکە .

٣٠ أفضل الصلوات عند الله تعالى

گەورەترین و خێرترین نوێژ لە لای خودای پەروەردگار

قال رسول الله ﷺ : ﴿أفضل الصلوات عند الله صلاة الصبح يوم الجمعة في جماعة﴾ السلسلة الصحيحة (١٥٦٦/٤).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : گەورەترین و خێرترین نوێژە فەرزەکان لە لای خودای پەروەردگار ، نوێژی بەیانیە لە ڕۆژی هەینیدا بە جەماعەت .



٣١

فضل ذكر (سبحان الله العظيم وبحمده)

گەورەیی و پاداشتی زیکری پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خودایەی کە لە هەموو شتێك گەورەترەو سوپاس و ستایش بۆ خودا

قال رسول الله ﷺ : ﴿مَنْ قَالَ : سُبْحَانَ اللهِ الْعَظِيمِ وَبِحَمْدِهِ ، غُرِسَتْ لَهُ نَخْلَةٌ فِي الْجَنَّةِ﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : هەر کەسێك بڵێت پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خودایەی کە بە دورە لە گشت کەم و کوڕیەك ، وە لە هەموو شتێك گەورەترە ، وە سوپاس و ستایش بۆی ، خودای پەروەردگار بە هۆی ئەم زیکرە هەر جارێك بیڵێت دارخورمایەکی بۆ دەڕوێنێت لە بەهەشت ، زانایان دەڵێن پێغەمبەری خودا ﷺ لەم فەرموودەیە دا لە جیاتی گشت دارێك باسی دارخورمای کردووە ، چونکە دار خورما زۆر سود و قازانجی هەیە ، بەڵام دار و بەروبومی بەهەشت وەکو دار و بەرو بومی دونیا نیە ، چونکە لە فەرموودەی تر دا هاتووە سێبەری داری بەهەشت ئەوەندە

گەورەیە بە ئەندازەی ڕۆیشتنی سوارێك لەسەر ئەسپ و (١٠٠) ساڵ بڕوات لە ژێری هێشتا سێبەرەکەی کۆتایی پێ نایەت ، هەر وەکو خودای پەروەردگار دەفەرموێت (وضلٍّ ممدود) واتە: سێبەری دارەکانی بەهەشت زۆر درێژە ، وە هەندێك دار هەیە قەدەکەی لە زێڕە وە لقەکانی لە لوء لوءن ، وە کاتێك بای لێ دەدات هیچ دەنگێك خۆش نیە بە قەد دەنگی لقی ئەم دارە ، وە ئەهلی بەهەشت لە بەروبومی بەهەشت دەکەنەوە بە پێوە ، یان بە دانیشتن یان بە پاڵ دانەوە ، یان بە هەر شێوەیەك بێت ، دەتوانن زۆر بە ئاسانی بەرهەمی دارەکە لێبکەنەوەو بیخۆن ، هەر وەك خودای پەروەردگار دەفەرموێت ﴿وَذُلِّلَتْ قُطُوفُهَا تَذْلِيلًا(النساء:١٤)﴾ واتە: لقی دارەکانی بەهەشت ملکەچ کراون بۆ ئەهلی بەهەشت تا بتوانن زۆر بە ئاسانی لێ بکەنەوە .

٣٢

فضل دعاء كفارة المجلس

گەورەیی و پاداشتی و نزای تەوبەکردن و گەڕانەوە بۆ لای خودای پەروەردگار لە شوێنی دانیشتن

قال رسول الله ﷺ : ﴿من قال : سبحان الله وبحمده سبحانك اللهم وبحمدك ، أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك فإن قالها في مجلس ذكر ، كانت كالطابع يطبع عليه ، ومن قالها في مجلس لغو كانت كفارة له﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : هەر کەسێك بڵێت پاکی و بێگەردی بۆ خودای پەروەردگارە و سوپاس و ستایش بۆ خودا ، خودایە پاکی و تەواوی و سوپاس هەر بۆ تۆیە ، وە شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە تۆ ، داوای لێ خۆش بوون لە تۆ دەکەم ، وە بۆ لای تۆ دەگەڕێمەوە ، ئەگەر ئەم دوعایە لە مەجلیسی زیکر دا بڵێیت واتە پێش هەستان لە مەجلیسەکە

وەكو ئەوە وایە كە ئەم زیكرەی لەم مەجلیسە كراوە چاپ كرابێت لەسەر پەرتوكێك بۆ ڕۆژی دوایی ، بەڵام ئەگەر ئەم دوعایە لە مەجلیسێك بڵێیت ، كە ئەم مەجلیسە ووتەی خراپ و بێ سودی تێدا كرابێت ، ئەوا ئەم دوعایە دەبێتە هۆكاری ڕەش كردنەوەی ئەو تاوانانەی كە لەم مەجلیسە دا كراوە.

تێبینی : ئەم دوعایە پێش هەستان لە شوێنی دانیشتنەكە دەكرێت ، جا ئەم شوێنە چ ماڵ بێت یان مزگەوت بێت یان بازاڕ بێت ، یان هەر شوێنێك بێت كە لە شەرع دا دروست بێت ، مرۆڤ لێی دابنیشێت .

٣٣ فضل ذكر التسبيح وا لتهليل والتكبير

گەورەیی و پاداشتی ئەم زیکرانەی لەم فەرموودەیە دا

قال رسول الله ﷺ : ﴿إِنَّ (سُبْحَانَ اللهِ ، وَالْحَمْدُ لِلهِ ، وَلاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ ، وَاللهُ أَكْبَرُ) ، تَنْفُضُ الْخَطَايَا ، كَمَا تَنْفُضُ الشَّجَرَةُ وَرَقَهَا﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : زیکری (سبحان الله) واتە : پاکی وبیگەردی بۆ خودا لە هەموو کەم و کوریەك ، وە زیکری (الحمدلله) واتە: هەموو سوپاس و ستایشێك بۆ خودای پەروەردگار ، وە زیکری (لا اله الا الله) واتە: هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق شایەنی پەرستن بێت تەنها خودای پەروەردگار نەبێت هەر ئەو شایەنی پەرستنە ، وە زیکری (الله أكبر) واتە : خودای پەروەردگار لەهەمووشتێك گەورەترە ، ئەم زیکرانە گوناهو تاوانەکانی مرۆڤ هەڵدەوەرێنن ، هەر وەکو چۆن دار گەڵا کانی هەڵدەوەرێنێت.

٣٤

فضل ذكر سبحان الله

گەورەیی و پاداشتی زیکری (سبحان الله)

قال رسول الله ﷺ : ﴿أَيَعْجِزُ أَحَدُكُمْ أَنْ يَكْسِبَ كُلَّ يَوْمٍ ، أَلْفَ حَسَنَةٍ ؟ يُسَبِّحُ الله مِائَةَ تَسْبِيحَةٍ ، فَيُكْتَبُ الله لَهُ بها أَلْفُ حَسَنَةٍ ، أَوْ يُحَطُّ عَنْهُ أَلْفُ خَطِيئَةٍ﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە: پاكی و بێگەردی بۆ خودای پەروەردگار. بێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: ئایە ناتوانێت یەكێك لە ئێوە بۆ خۆی بەدەست بێنێت هەموو ڕۆژێك هەزار خێر ؟ سەد جار بڵێت (سبحان الله) هەزار خێری بۆدەنووسرێت وە هەزار گوناهی ڕەش دەكریتەوە ، لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا هەر كەسێك خێرێك بكات بۆی بە (١٠) خێر دەنوسرێت ، بەبەڵگەی ئەم ئایەتە ﴿مَن جَاء بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا (الانعام :١٦٠)﴾ واتە : هەركەسێك بە خێرێك بێت و خێرێك ئەنجام بدات بۆ ئە وكەسە هەیە (١٠) خێر وەكو ئەم خێرە ئەنجامداوە ، واتە : (١٠) خێری بۆ هەیە .

٣٥

فضل ذكر سبحان الله والحمدلله
و لا اله الا الله والله أكبر

گەورەیی و پاداشتی ئەم چوار زیکرەی لەم فەرموودە پیرۆزەدا هاتووە

قال رسول الله ﷺ : ﴿إن الله تعالى اصطفى من الكلام أربعا: سبحان الله ، و الحمد لله ، و لا إله إلا الله ، و الله أكبر ، فمن قال: سبحان الله كتبت له عشرون حسنة ، و حطت عنه عشرون سيئة ، و من قال: الله أكبر مثل ذلك ، و من قال: لا إله إلا الله مثل ذلك ، و من قال: الحمد لله رب العالمين ، من قبل نفسه كتبت له ثلاثون حسنة و حط عنه ثلاثون خطيئة﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : خودای پەروەردگار چوار ووتەی لە ووتەکانی نەوەی ئادەم هەڵبژاردوە کە ئەمانەن (سبحان الله) واتە: پاکی و بێگەردی بۆ خودای پەروەردگار ، (ولحمدالله) واتە : سوپاس و ستایش

بۆ خودای پەروەردگار ، (ولا اله الا اللّه) واتە: هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق شایەنی پەرستن بێت ، تەنها خودای پەروەردگار نەبێت ، (و اللّه اكبر) واتە : خودای پەروەردگار لەهەموو شتێك گەورەترە ، وە هەركە سێك بڵێت (سبحان اللّه) بۆ ئەو كەسە دەنوسرێت بیست خێر وە بۆی ڕەش دەكرێتەوە بیست خراپە و تاوان ، وە هەر كەسێك بلێت (اللّه اكبر) بیست خێری بۆ دەنوسرێت ، وە بیست خراپەی بۆ ڕەش دەكرێتەوە ، وەهەر كەسێك بڵێت (لا اله الا اللّه) بیست چاكەی بۆ دەنوسرێت و بیست خراپەی بۆ ڕەش دەكرێتەوە ، وە هەر كەسێك بڵێت (الحمدللّه رب العالمین) واتە: سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری هەموو جیهانیان كە گشت دروستكراوێك دەگرێتەوە ، وە هەر كاتێك ئەو كەسە سوپاسی خودای پەروەردگار بكات بەبێ بەرامبەری نیعمەتێك ، ئەوا ئەو كەسە لەسەر ئەم زیكرە خێری زیاتری بۆ دەنوسرێت چونكە سوپاسی خودای پەروەردگار زۆربەی جار مرۆڤ لە دوای بەخشینی نیعمەتێك دەكات وەكو لەدوای نان خواردن یان ئاو خواردنەوە یان جل لەبەركردن ، بەڵام ئەگەر مرۆڤ

لە غەیری ئەو کاتانە سوپاسی خودای پەروەردگار بکات ئەوە خێری زیاترە هەر وەکو پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرمووێت : بۆ ئەو کەسە دەنوسرێت سی (٣٠) خێر وە بۆی ڕەش دەکرێتەوە (٣٠) سی خراپە .

الله أكبر

٣٦ فضل ذكر (لا اله الا الله وحده لا شريك له له الملك وله الحمد وهو على كل شيءٍ قدير)

گەورەیی و پاداشتی زیکری بە تەنها دانانی خودای پەروەردگار لە پەرستن دا

قال رسول الله ﷺ : ﴿مَنْ قَالَ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ، فِي يَوْمٍ مِائَةَ مَرَّةٍ كَانَتْ لَهُ عَدْلَ عَشْرِ رِقَابٍ وَكُتِبَتْ لَهُ مِائَةُ حَسَنَةٍ وَمُحِيَتْ عَنْهُ مِائَةُ سَيِّئَةٍ وَكَانَتْ لَهُ حِرْزًا مِنْ الشَّيْطَانِ يَوْمَهُ ذَلِكَ حَتَّى يُمْسِيَ ، وَلَمْ يَأْتِ أَحَدٌ أَفْضَلَ مِمَّا جَاءَ بِهِ إِلَّا أَحَدٌ عَمِلَ أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ﴾ (متفق عليه).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : هەرکەسێك بلێت هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق شایەنی پەرستن بێت جگە لە خودای پەروەردگار بە تەنها هیچ هاوەڵێکی نیە لە پەرستندا ، هەموو موڵکێك بە دەست خودایەو بە ویستی خودایە ، وە

سوپاس و مەدح بۆ خودای پەروەردگارە ، وە خودای پەروەردگار بەسەر هەمووشتێك بەتوانایە ، هەر کەسێك ئەم زیکرە لە رۆژێکدا (١٠٠) سەد جار بڵێت ، بۆ ئەو کەسە هەیە بە ئەندازەی ئازاد کردنی (١٠) دە کویلە ، وە (١٠٠) سەد چاکەی بۆ دەنوسرێت ، وە سەد خراپەی بۆ ڕەش دەبێتە وە ، وە ئەم زیکرە بۆی دەبێتە پارێزەرێك لە (شیطان) لەم ڕۆژەی کە ئەم زیکرەی تیادا خوێندوە تاوەکو ئێوارەی بەسەر دادێت ، مانای وایە ئە گەر بەشەویش ئە م زیکرە (١٠٠) سەد جار بڵێت ، ئەوە خودای پەروەردگار تاوەکو بەیانی دەیپارێزێت لە شەیتان ، وە هیچ کەسێك لە ڕۆژی قیامەت نایەت خێری لەو کەسە باشتر و زیاتر کردبێت ، تەنها ئەم کەسە نەبێت کە ئەم زیکرەی زیاتر کردبێت .

کەواتە هەرکەسێك ئەم زیکرە لەڕۆژیکدا (١٠٠) سەد جار بڵێت چوار شتی بۆ دەبێت .

١. پاداشتی ئازادکردنی (١٠) دە کۆیلە .
٢. بە دەست هێنانی (١٠٠) سەد خێر .
٣. ڕەش بونەوەی (١٠٠) سەد خراپە .
٤. پاراستنی لەشەیتان لەم ڕۆژەدا تاوەکو ئێوارە .

٧٣

فضل ذكر الله عزوجل

گەورەیی و پاداشتی زیکرو یادی خودای بەهێزو بە دەسەلاٌت

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : ﴿ أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِخَيْرِ أَعْمَالِكُمْ ، وَأَزْكَاهَا عِنْدَ مَلِيكِكُمْ ، وَأَرْفَعِهَا لِدَرَجَاتِكُمْ ، وَخَيْرٍ لَكُمْ مِنْ إِعْطَاءِ الذَّهَبِ وَالْوَرِقِ ، وَخَيْرٍ لَكُمْ مِنْ أَنْ تَلْقَوْا عَدُوَّكُمْ فَتَضْرِبُوا رِقَابَهُمْ وَيَضْرِبُونَ رِقَابَكُمْ ؟ قالوا بلى يا رسول الله – قال: ذِكْرُ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ﴾ (حديث صحيح ، انظر: حديث رقم ، **٢٦٢٩** في صحيح الجامع .

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: ئایە هەواڵتان پێ نەدەم دەربارەی باشترین کردەوە لە کردەوە چاکەکانتان ، وە پاکترین کردەوەتان لەلای مە لیکتان کە خودای پەروەردگارە ، وە بەرزترینیان لە کردەوە چاکەکان ، وە باشتربێت بۆ ئێوە لە بەخشینی زێڕو زیو ؟ وە باشتر بێت بۆ ئێوە کە بگەن بە دوژمنتان لە جیهادا و لە ملیان بدەن وە ئەوانیش لە ملتان

بدەن ؟ هاوەڵەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمویان : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ پێمان بڵێ ئەمە چ کردەوەیەکە ئەوەندە خێرە ، پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : زیکری خودای پەروەردگارە .

هەندێك لە زانایان دەڵێن مەبەست بەم زیکرە زیکر کردنە بە دڵ ، چونکە زیکرکردن بە دڵ جیهادێکی زۆری پێدەوێت و چونکە لە ناوەڕۆکی مرۆڤدا زیکرەکە دەکرێت هیچ کەسێك لێی بەئاگا نیە ، وە هەروەها قورئان خوێندنیش هەر یەکێکە لە زیکرە گەورەکان و لە گشت لەو زیکرانە گەورەترە کە بە زمان دەکرێت وە لە ماڵ بەخشین خێرترە ، وە هەروەها لە دوای قورئان گەورەترین زیکر زیکری (لا الە الا اللە) یە ، چونکە باس لە بەتەنها دانانی خودای پەروەردگار دەکات لە پەرستن دا ، وە باس لە نەفی کردنی پەرستن دەکات لە گشت ئەو شتانەی دەپەرسترێن جگە لە خودای پەروەردگار .

٣٨

فضل صلة الرَّحِمِ تزيدُ في العُمْرِ

گەورەیی وپاداشتی بە جێگەیاندنی سەردانی خزمان کە تەمەنی مرۆڤ زیاد دەکات

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : ﴿مَنْ أَحَبّ أَنْ يُبْسَط لَهُ فِي رِزْقه وَيُنْسَأ لَهُ فِي أَثَره فَلْيَصِلْ رَحِمه﴾ صحيح الادب المفرد.

واتە : پێغەمبەری ﷺ فەرموویەتی : هەرکەسێك پێی خۆشە خودا ڕزقی زیاد بکات ، وە تەمەنی درێژ بکات با سەردانی خزمەکانی بکات ، وە دەربارەی زیاد بوونی تەمەن هەندێك لە زانایان دەڵێن هەر بە حەقیقەت تەمەنی ئەو کەسە زیاد دەبێت ، کە خودای پەروەردگار لە کتابەکەی نوسیوە ، کە ئەم کەسە بەهۆی سەردانی خزمانی تەمەنی درێژ دەبێت ، وە هەندێك لەزانایان دەڵێن : نەخێر تەمەنی کە سەکە هەر وەکو خۆی دەبێت ، بەڵام خودای پەروەردگار بەرەکەت دەخاتە کاتەکانی ژیانی ، بە کاتێکی کەم کارێکی زۆری تیا ئەنجام دەدات.

٣٩ فضل دعاء دخول السوق

گەورەیی و پاداشتی دوعا کردن لە کاتی چونت بۆ بازار

قال رسول الله ﷺ : ﴿من دخل السوق فقال: لا إله إلا الله وحده لا شريك له له الملك ، و له الحمد ، يحيي و يميت ، و هو حي لا يموت بيده الخير ، و هو على كل شيء قدير ، كتب الله له ألف ألف حسنة ، و محا عنه ألف ألف سيئة ، و رفع له ألف ألف درجة ، و بنى له بيتا في الجنة﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : هەر کەسێك بچێتە بازاڕ و پاشان بڵێت هیچ پەرستراوێك نیە بە حەق شایەنی پەرستن بێت جگە لە خودای پەروەردگار نەبێت وە هیچ هاوەڵێکی نیە ، هەر بۆ ئەوە هەموو شتێك وە هەر بۆ ئەوە سوپاس و ستایش هەر خودای پەروەردگار ژیێنەرە و ژیان دەبەخشێت بە دروستکراوەکانی ، وە هەر خودای پەروەردگار مرێنەرەو ژیان لە دروست کراوەکانی دەسێنێتەوە

، خودای پەروەردگار بەردەوام زیندووەو مردنی بەسەر دا نایەت گشت خێر و چاکەیەکی بە دەستە ، وە خودای پەروەردگار بەسەر هەموو شتێك بە توانایە ، هەر کەسێك ئەم زیکرە بکات لە بازار هەزار هەزار چاکەی بۆ دەنوسرێت وە هەزار هەزار خراپەشی بۆ دەسرێتەوە ، وە بۆی بەرز دەکرێتەوە هەزار هەزار پلەو پایە و پاداشت ، وە خانوویەکی زۆر گەورەی بۆ دروست دەکرێت لە بەهەشت .

زانایان دەڵێن : سەبەبی گەورەیی و پاداشتی ئەم زیکرە لە بازارِ لەبەر ئەوەیە چونکە خەڵك زۆر بێ ئاگایە لە خوداو مەشغوڵن بەماڵی دونیا ، وە شەیتان و جوندیەکانی لە بازار زۆر لە هەوڵدان بۆ لادانی خەڵك لە یادی خودای پەروەردگار ، بۆیە ئەو کەسەی یادی خودای پەروەردگار دەکات لە بازار هەر وەکو ئەوە وایە شەڕ لەگەڵ شەیتان و جوندیەکانی بکات و بەسەریان دا سەربکەوێت ، وە پاداشتێکی زۆریشی لەسەر وەردەگرێت .

٤٠ فضل الصلاة على النبى ﷺ

گەورەیی و پاداکشتی سەلاوات دان لەسەر پێغەمبەری خودا ﷺ

قال رسول الله ﷺ : ﴿مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلاةً وَاحِدَةً صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ عَشْرًا﴾ (رواه مسلم).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : هەر کەسێك یەك سەڵەوات لەسەر من لێ بدات خودای پەروەردگار (١٠) دە سەڵەواتی لەسەر دەدەت .

زانایان فەرموویانە : سەڵەواتی مرۆڤ بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ بە مانای ئەوە دێت کە مرۆڤ داوا لە خودای پەروەردگار دەکات ، کە هەردەم ناوی پێغەمبەر ﷺ بە گەورە دابنێت و بەرێزی بگرێت لە دونیا و قیامەت ، وە دەڵێن : سەڵەواتی خودای پەروەردگار بۆ بەندەکانی بە مانای پاداشت و ڕەحم پێکردن دێت .

وە سەڵەوات دان لەسەر پێغەمبەری خودا ﷺ هەموو کاتێك خێرە ، بە تایبەتی ئەم کاتانەی کە بەڵگەی فەرموودەی لەسەرە ، بۆ نمونە لە ڕۆژی هەینیدا زۆر خێرە پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێت: مەلائیکەتەکان سەڵەواتەکانی ئێوە بۆ من دەهێنن و پێم دەگەن ، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەم فەرموودەیەیە کە شیخ البانی ڕەحمەتی خودای پەروەردگاری لێبێت بە صحیحی داناوە: ﴿أَكْثِرُوا الصّلاةَ عَلَيّ يَوْمَ الْجُمُعَةِ فَإِنّ صَلاتَكُمْ تُعْرَضُ عَلَيّ﴾ ، واتە: زۆر سەڵەواتم لەسەر لێ بدەن لە ڕۆژی هەینیدا ، چونکە سەڵەواتەکانتان بۆ من دەهێنرێن و پێم دەگەن .

بەڵام سەڵەوات دان لەسەر پێغەمبەری خودا ﷺ لەکاتی تەوقەکردندا بە بەردەوامی هەروەکو لە زۆربەی خەڵکی دەبیستین ، ئەم جۆرە سەڵەوات دانە دەبێتە بیدعە ، واتە کردنی شتێك بە بێ بەڵگە لە کاتێکی دیاریکرا و وە بە بەردەوامی ، چونکە هاوەڵەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ کاتێك دەگەیشتن بە یەکتری چاك و چۆنیان لە یەکتری دەکردو وەیان داوای لێ خۆشبونیان بۆ یەکتر دەکردو ، بەڵام

سەڵەواتیان لێ نەدەدا ، وەکو دەبینین و دەبیستین لە زۆربەی خەڵکی ، وە لەسەر ئێمەش واجبە لەسەر ڕێبازی صحابەکان بڕۆین ، چونکە ئەوان زیاتر پێغەمبەریان خۆش دەویست و شوێنی دەکەوتن ، دەبێت ئێمەش وەکو ئەوان بین چیان کردووە لە دیندا دەبێت شوێنیان بکەوین وە هەر شتێکیشیان نەکردبێت دەبێت وازی لێ بێنین ، چونکە ئەوان دینیان وەردەگرت و فێر دەبوون لە پێغەمبەری خودا ﷺ ، هەر لەبەر هۆی خراپی شت زیاد کردن لە دیندا ، عبداللّه ی کوری مسعود ڕەزای خودای پەروەردگاری لێ بێت فەرمویەتی ﴿اتَّبِعُوا وَلاَ تَبْتَدِعُوا ، فَقَد كُفِيتُم﴾ واتە: شوێن کەوتە بن و شت دامەهێنن لە ناو دیندا ئەگەر بەڵگەی لەسەر نەبێت ، چونکە شوێنکەوتنی ئێوە بۆ پێغەمبەر و هاوەڵەکانی کیفایەتە و بەسە پێویست بە زیادکردن ناکات ، وە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : ﴿عَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ ...﴾ واتە : دەست بگرن بە سوننەتی من و سوننەتی خەلیفەکانی راشدین کە ڕێنمویی کرابوون و هیدایەت درابوون بۆ ڕێگای ڕاست ، وە دەی فەرموو : ﴿وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الْأُمُورِ فَإِنَّ كُلّ

مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ ، وَكُلّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ﴾ واتە: ووشیار بن و دوور بکەونەوە لە شتە داهێنراوەکان لە دیندا چونکە گشت شتێکی داهێنراو لە دیندا بیدعەیە و زیادە ، وە گشت بیدعەیەك گومڕاییە و سەر لێ شێواویە و لادانە لە ڕێگای ڕاست .

وە فەرموویەتی: ﴿مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرنَا فَهُوَ رَدٌّ﴾ واتە: هەر کەسێك کردەوەیەك بکات بە ناوی دین بەڵام ئەمری ئێمەی لەسەر نەبێت ، واتە ئێمە نەمان ووتبێت بیکەن ئەم شتەی کە بە ناوی دین دەکرێت مەردودە و قەبوڵ نیە .

وە زۆر بەڵگەی تر هەیە کەوا بەڵگەن لەسەر ئەوەی کەوا هەر کەسێك شتێك بکات بە ناوی دین لێی قەبوڵ ناکرێت و بەڵکو تاوان باریش دەبێت لەسەری ، چونکە بیدعە لە دیندا تاوانە و شەیتان حەزی لێیەتی .

هەر بۆیە زانایان دەڵێن : شەیتان زیاتر حەزی لە بیدعەیە نەك لە تاوان و گوناح ، چونکە ئەو کەسەی کە بیدعە دەکات بە شتێکی چاکی دەزانێ و وازی لێ ناهێنێت ، بەڵام ئەو کەسەی کە تاوانێك دەکات بە شتێکی خراپی دەزانێ و لەوانەیە وازی لێ بهێنێت .

٤١ فضل ذكر رضيت بالله ربا وبالإسلام دينا وبمحمدٍ نبيا

گەورەیی و پاداشتی ئەم زیکرەی لەم فەرموودەیە دا هاتووە

قال رسول الله ﷺ : ﴿مَنْ قَالَ : رَضِيتُ بِاللهِ رَبًّا ، وَبِالإِسْلَامِ دِينًا ، وَبِمُحَمَّدٍ نبياً ، وَجَبَتْ لَهُ الْجَنَّةُ﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : هەر کەسێك بڵێت ڕازیم کە خودا پەروەردگارم بێت ، وە ڕازیم بەحوکمەکانی خودای پەروەردگار وە بەو شتانەی کە ئەمری منی پێ کردووە بیکەم ، وە نەهی کردوە کە من نەیکەم ، وە ڕازیم کە ئاینی ئیسلام ئاین و بەرنامە و ڕێبازی من بێت ، وە بەریم لەڕێبازی یەهودی و نەسرانیەکان ، وەڕازیم بەگشت ئەو شتانەی کە لەناو ئاینی پیرۆزی ئیسلام دا هەیە ، وە ڕازیم کە (موحەمەد) ﷺ پیغەمبەری خودا بێت ، وە ڕازیم بەشوێن کەوتنی ، وە باوەڕم بەگشت ئەو شتانە یە کەئەو فەرموویەتی ، هەرکەسێك ئەم زیکرە بڵێت بەهەشتی بۆ واجب دەبێت .

٤٢

فضل الدعاء بظهر الغيب

گەورەیی و پاداشتی دوعاکردن بۆ برایەکی موسولمان بەنهێنی

قال رسول الله ﷺ : ﴿مَنْ دَعَا لأَخِيهِ بِظَهْرِ الْغَيْبِ ، قَالَ الْمَلَكُ الْمُوَكَّلُ بِهِ : آمِينَ ، وَلَكَ بِمِثْلِه﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە : پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی : هەرکەسێك دوعای خێر بۆ برای خۆی بکات بەنهێنی ، مەلائیکەیەك لەو مەلائیکەتانەی کەوا بوەتە وەکیل بۆ دوعاکردن بۆ ئەو کەسەی کە دوعا بۆ برای خۆی دەکات ، دەڵێت: (آمين) واتە خودایە دوعاکەی قبوڵ بکەیت ، وە ئەو شتەش بەو کەسە ببەخشە کە بۆ براکەی داوا دەکات .

٤٣ فضل مَن ذب عن عرض أخيه بالغيبة

گەورەیی پاداشتی ئەو کەسەی کە دیفاع دەکات لە برای خۆی بەبێ ئەوەی براکەی ئاگای لێبێت

قال رسول الله ﷺ : ﴿مَنْ ذَبَّ عَنْ عرض أخِيهِ بِالْغَيْبَةِ ، كَانَ حَقًّا عَلَى اللهِ أنْ يُعْتِقَهُ مِنَ النَّارِ﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: هەرکەسێك دیفاع بکات لە خواردنی گۆشتی برا موسولمانەکەی ، مە بەست پێی ئەوەیە کە کاتێك غەیبەتی براکەی دەکرێت کاتێك ئەو برا موسوڵمانەی لەو شوێنە ئامادە نیە ، ئەویش ڕێگری بکات لە غەیبەت کەرەکە و پێی بڵێت غەیبەتی براکەم مەکە ، هەر کەسێك ئاوا دیفاع لەبراکەی بکات لە کاتی غەیبەت کردنیدا ، خودای پەروەردگار لەسەر خۆی واجب کردوە کەوا ئەو کەسە ڕزگار بکات لە ئاگری دۆزەخ .

٤٤

فضل إماطة الأذى من طريق المسلمين

گەورەیی و پاداشتی لادانی ئەزیەت لەسەر ڕێگای موسلمانان

قال رسول الله ﷺ : ﴿من أخرج من طريق المسلمين شيئا يؤذيهم ،كتب الله له به حسنة ، و من كتب له عنده حسنة أدخله بها الجنة﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : هەرکەسێك لابدات لە ڕیگای موسلمانان شتێك کە ئەزیەتیان بدات ، خودای پەروەردگار خێرێکی بۆ دەنووسێت ، هەرکەسێك خودای پەروەردگار لە لای خۆی خێرێکی بۆ بنوسێت بە سەبەبی ئەم خێرەو ، وە بە فەزڵ و ڕەحمەتی خۆی ئەو کەسە دەباتە بەهەشت .

٤٥ فضل من نفس عن غريمه أو محا عنه

گەورەیی و پاداشتی ئەو کەسەی کە مۆڵەت دەداتە قەرزدارەکەی خۆی ، یان لێی خۆش دەبێت

قال رسول الله ﷺ : ﴿مَنْ نَفَّسَ عَنْ غَرِيمِهِ ، أَوْ مَحَا عَنْهُ ، كَانَ فِي ظِلِّ الْعَرْشِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : هەر کەسێك مۆڵەت و مەجال بداتە قەرزدارەکەی خۆی ، یان لە قەرزدارەکەی خۆش بێت قەرزەکەی لێ وەرنەگرێتەوە ، ئەو کەسە لە ژێر سێبەری عەرشی خودای پەروەردگار حەشر دەکرێت لە ڕۆژی قیامەت دا.

٤٦

فضل طلب العلوم الشرعية

گەورەیی و پاداشتی گەڕان بە دوای فێربوونی زانستی شەریعەتی ئیسلامدا

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : ﴿مَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْمًا ، سَهَّلَ اللهُ لَهُ طَرِيقًا إِلَى الْجَنَّةِ ، وَإِنَّ الْمَلاَئِكَةَ لَتَضَعُ أَجْنِحَتَهَا رِضًا لِطَالِبِ الْعِلْمِ ، وَإِنَّ طَالِبَ الْعِلْمِ يَسْتَغْفِرُ لَهُ مَنْ فِي السَّمَاءِ وَالأَرْضِ ، حَتَّى الْحِيتَانِ فِي الْمَاءِ ، وَإِنَّ فَضْلَ الْعَالِمِ عَلَى الْعَابِدِ ، كَفَضْلِ الْقَمَرِ عَلَى سَائِرِ الْكَوَاكِبِ ، إِنَّ الْعُلَمَاءَ هُمْ وَرَثَةُ الأَنْبِيَاءِ ، إِنَّ الأَنْبِيَاءَ لَمْ يُوَرِّثُوا دِينَارًا وَلاَ دِرْهَمًا ، إِنَّمَا وَرَّثُوا الْعِلْمَ ، فَمَنْ أَخَذَهُ أَخَذَ بِحَظٍّ وَافِرٍ﴾ (صحيح الجامع الصغير و زيادته).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : هەر کەسێك ڕێگەیەك بگرێتە بەر بۆ فێربوونی زانستی شەرعی ، جا ئەم ڕێگەیە دوور بێت یان نزیك بێت ، خودای پەروەردگار یارمەتی دەدات بۆ ڕۆیشتنی لەسەر ڕێگای بەهەشت و ڕێگای

چونە بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات ، وە مەلائیکەتەکان باڵەکانی خۆیان دادەنێن و نزم دەکەن بەهۆی ڕازی بوون و ڕێز و تەقدیری فێرخوازی دینی خودای پەروەردگار ، چونکە (طالب العلم) هەڵگری زانستی خودایە کە پێك هاتووە لە قورئان و فەرموودەی راست ، هەر لەبەر فێربوونی ئەم زانستەیە مەلائیکەتەکان باڵی خۆیان نزم دەکەن بۆ هەڵگری ئەم زانستە پیرۆزە ، وە زانای تێگەیشت و لە دینی خودای پەروەردگار هەموو شتێ: لە ئاسمان و زەوی داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکەن لە خودای پەروەردگار ، وە هەروەها ماسیەکانیش لە ناو دەریادا داوای لێخۆشبونی بۆ دەکەن ، وە هەروەها فەزڵی زانا بەرامبەر بە فەزڵی خوا پەرستێکی نەزان لە دینی خودای پەروەردگار ، وەکو فەزڵی مانگی چواردە وایە لە شەوی بەدرا بەرامبەر بە گشت ئەستێرەکان ، وە هەروەها زانایان میرات گری پێغەمبەرانن لە زانستدا ، پێغەمبەران دینار و دەرهەمیان لە دوای خۆیان بەجێ نەهێشتووە ، بەڵکو تەنها زانستیان لە دوای خۆیان بەجێ هێشتوە ، هەر کەسێك دەست بگرێت بەو زانستەی کە پێغەمبەران پێی هاتوون ئەوە

دەستی گرتووە بە بەشێکی زۆر و تەواو کەوا هیچ شتێك نیە باشتر و تەواوتر بێت لە بەدەست هێنانی زانستی شەرعی .

ووتەی زانایانی سەلەف دەربارەی فەزڵی فێربوونی زانستی شەرعی .

١. ئیمامی پوری رەحمەتی خودای لێبێت فەرموویەتی : نازانم ئەمرۆ شتێك باشتر بێت لە فێربوونی زانستی شەرعی .

٢. ئیمامی شافعی رەحمەتی خودای پەروەردگاری لێبێت فەرموویەتی : فێربوون و داواکردنی زانستی شەرعی خێری زیاترە و باشترە لە نوێژی سوننەت .

چونکە فێربوونی زانستی شەرعی سودی هەیە بۆ فێرخوازەکە و وە گشت موسوڵمانان ، وە بە داواکردنی زانستی شەرعی مرۆڤ دەتوانی بانگی خەڵك بکات بۆ ڕێبازی خودای پەروەردگار ، بەڵام نوێژی سوننەت تەنها

سودی هەیە بۆ ئەو کەسەی کە نوێژە سوننەتەکە دەکات ، بۆیە ئیمامی شافعی ئەم ووتە بە نرخەی فەرمووە .

٣. وە ئیمامی ئەحمەد رەحمەتی خودای پەروەردگاری لێبێت فەرموویەتی : داواکردنی زانستی شەرعی هیچ شتێك لە دوای فەرزەکان پێی ناگات لە پاداشتدا بەڵام بۆ ئەو کەسەی کەوا نیەتی پاك بێت لە فێربوونی زانستەکە ، دا مەبەستی خودای پەروەردگار بیت.

تێبینی : خوێنەری بەڕێز بەڵام پێویستە ئەو کەسەی کە دەیەوێت فێری زانستی شەرعی بێت لەلای ئەو زانایانە بخوێنێت کە لەسەر ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانی دەرۆن و دەست گرتوون بە سوننەتی پێغەمبەری خودا ﷺ ، وە بانگەوازی خەڵك دەکەن بۆ لای خودای پەروەردگار ، نەوەك بۆ لای نەفسی خۆیان یان بۆ لای حزبایەتی ، ئەو ماموستایەی تۆ دەرسی لەلا دەخوێنی پێویستە بیناسیت و بزانیت چۆنە و ئەم ماموستایە لەسەر چ بیروباوەرێکە ، چونکە زۆر کەس هەیە کەسێکی توندڕەوە یان کەسێکی

حزبیه یان کەسێکی بیدعه چیه ، چونکه مرۆڤ تەبیعەتی وایه دەرس له لای کێ بخوێنێت وەکو ئەو کەسه دەردەچێت ، بۆ نمونه : ئەگەر ماموستاکەی کەسێکی توندڕەو تەکفیری بێت ئەوە ئەویش وەکو ئەو کەسێکی توندڕەو تەکفیری دەردەچێت ، وە یان هەرکاتێك ماموستاکەی حزبی بێت ئەویش وەکو ماموستاکەی کەسێکی حزبی لێ دەردەچێت ، وە یان هەر کاتێك ماموستاکەی بیدعەچی بێت ئەویش وەکو ئەو کەسێکی بیدعەچی لێ دەردەچێت .

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی کە دەرسی لا دەخوێنێت ، گەسێك بێت لەسەر ڕێبازی پێغەمبەری خودا ﷺ بڕوات بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی بۆ زیاد بکات یان لێکەم بکات وە دوور له حزبایەتی و توندڕەوی ، وە بەبێ شت زیادکردن له دیندا بەناوی بیدعەی حەسەنه ، ئەوکاته فێرخوازەکەش ئاوا دەردەچێت ، وە بەڵگەش لەسەر ئەو قسەیەی کردم کە دەبێت دەرس لەلای کەسانێك بخوێنرێت کە جێی سیقەن و باوەڕپێکراون و هیچ مەبەستێکیان لەژێر سەر دا نیه تەنها

ڕەزابوونی خودای پەروەردگار نەبێت ، ئەم بەڵگانەی خوارەوەن :

١. روى الامام مسلم في صحيحه (٤/١) بإسناده عن الامام ابن سيرين قال : ﴿إِنّ هَذَا الْعِلْمَ دِينٌ ، فَانْظُرُوا عَمّنْ تَأْخُذُونَ دِينَكُمْ﴾ واتە : ئەو زانستە كە مەبەست پێی زانستی شەريعەتە دينە و عبادەتە ، ئێوە بزانن و بیر بكەنەوە وە سەير بكەن بزانە لە كێ ئەم دينەی خۆتان وەردەگرن ، كەواتە ئەم فەرموودەيە باس لەوە دەكات كە بزانين ئەو كەسەی كە دينمانی لێ وەردەگرين بيناسين و بزانين ئەو كەسە كێيە .

٢. قال رسول الله ﷺ : ﴿الْمَرْءُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ ، فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلْ﴾ حسنه الالباني رحمه الله في صحيح الجامع (٣٥٤٥) ، واتە: پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموويەتی : مرۆڤ لەسەر دين و ڕێبازی ئەو كەسەيە كە برادەرايەتی و تێكەڵی دەكات ، جا يەكێك لە ئێوە با سەير بكات و

بزانێت لەگەڵ کێ برادەرایەتی دەکات و تێکەڵی کێ دەکات ، کەواتە ئەم فەرموودەیەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هەرکاتێك مرۆڤ بووە برادەری کەسێك و دەرس لە لای بخوێنێت ، ئەو کەسە دەچێتە سەر دین و ڕێبازی ئەو ، جا ئەگەر ئەم کەسە باش بوو ئەوا ئەویش باش دەبێت ، وە ئەگەر خراپ بوو ئەویش خراپ دەبێت ، وە زۆر بەڵگە و ووتەی زانایانی ئەهلی سوونەت و جەماعەت هەیە دەربارەی ئەو بابەتە ، بەلاّم لەبەر درێژ بوونەوەی پەرتوکەکە گشتیان باس ناکەین .

٤٧ فضل من كتم غيظا وهو قادر على أن ينفذه

گەورەیی و پاداشتی ئەو کەسەی کە توڕەبوونی خۆی دەخواتەوەو لەگەڵ ئەوەشدا توانای هەیە دەری ببڕێ و تووڕە بێت

قال رسول الله ﷺ : ﴿من كتم غيظا ، وهو قادر على أن ينفذه ، دعاه الله على رءوس الخلائق ، حتى يخيره من الحور العين ، يزوجه منها ما شاء﴾ (صحيح الجامع الصغير و زيادته).

واتە : پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : هەر کەسێك تووڕەبونی خۆی بخواتەوە لەو کاتەی کەوا توانای هەیە تووڕەبووونەکەی خۆی دەربڕێت ، خودای بەرز و بەهێز بانگی ئەو کەسە دەکات و مەدحی دەکات لە پێش گشت دروست کراوەکان لە ڕۆژی قیامەتدا ، وە بەو کەسە دەڵێت کام حۆریت دەوێت بۆ خۆت هەڵبژێرە ، کام حۆری بوێت خودای پەروەردگار پێی دەبەخشێت .

٤٨

فضل من كان سهلاً هيناً ليناً

گەورەیی و پاداشتی ئەو کەسەی کە ئاسان و لەسەر خۆو نەرم و نیانە

قال رسول الله ﷺ: ﴿من كان سهلا هينا لينا ، حرمه الله على النار﴾ (صحيح الجامع الصغير و زيادته).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : هەر کەسێك ئاسان و لەسەر خۆو نەرم و نیان بێت لەگەڵ خەڵکدا ، خودای پەروەردگار ئەو کەسە لەسەر ئاگر حەرام دەکات و بە ئاگری دۆزەخ نایسووتێنێت .

٤٩

فضل من لا يسأل الناس شيئاً

گەورەیی و پاداشتی ئەو کەسەی داوای هیـچ شتێك لە خەڵك ناکات

قال رسول الله ﷺ : ﴿من يتكفلْ لى أن لا يسأل الناس شيئا أتكفل له بالجنة﴾ (صحيح الجامع الصغير و زيادته).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : هەر کەسێك کەفالەتی من بکات لەسەر ئەوەی کەوا داوای هیـچ شتێك نەکات لە خەڵك ، من دەبم بە کەفیلی بۆ چونە بەهەشت .

٥٠ فضل من بنى مسجداً

گەورەیی و پاداشتی ئەو کەسەی مزگەوتێك دروست بکات

قال رسول الله ﷺ : ﴿مَنْ بَنَى لِلَّهِ مَسْجِدًا ، وَلَوْ كَمَفْحَصِ قَطَاةٍ لِبَيْضِهَا ، بَنَى اللَّهُ لَهُ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ﴾ (صحيح الجامع الصغير و زيادته).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێك مزگەوتێك لە پێناو خودای پەروەردگار دروست بکات ، ئەگەر چی ئەم مزگەوتە بە ئەندازەی هێلانەی ئەو تەیرە بێت کە ناوی (قطاة)ە جۆرە تەیرێکە لەسەحرا دەژییێت ، خودای پەروەردگار بۆ ئەو کەسە خانوویەکی زۆر خۆش و گەورە لەبەهەشت دروست دەکات .

٥١

فضل الصيام و إطعام الطعام و الإنة الكلام وإفشاء السلام وصلاة القيام

گەورەیی و پاداشتی رۆژووگرتن و خواردن بەخشین و قسەی نەرم و نیان و شەونوێژ کردن

قال رسول الله ﷺ : ﴿إِنَّ فِي الْجَنَّةِ غُرَفًا ، يُرَى ظَاهِرُهَا مِنْ بَاطِنِهَا ، وَبَاطِنُهَا مِنْ ظَاهِرِهَا ، أَعَدَّهَا اللهُ تعالى لِمَنْ أَطْعَمَ الطَّعَامَ وتابع الصيام ، وَأَفْشَى السَّلاَمَ ، وَصَلَّى بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ﴾ (صحيح الجامع الصغير و زيادته).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : لە ناو بەهەشت دا هەندێك خانوو هەیە ئەوەندە بەرزو بڵندو جوان و ڕۆن و پاکن ، لە ناوەوەیدا دەرەوەی دەبینرێت ، وە لە دەرەوەیدا ناوەوەی دەبینرێت ، چونکە وەکو جامێکی روون و پاك وایە ، خودای پەروەردگار ئەم جۆرە خانوەی ئامادە کردووە بۆ ئەو کەسەی خواردن دەبەخشێت بە فەقیران یان بە میوانان ، وە

بۆ ئەو کەسەی قسەی خۆش و نەرم و نیان لەگەڵ خەڵك دەکات ، وە بۆ ئەو کەسەی کە زۆر ڕۆژووی سوننەت دەگرێت وەکو گرتنی سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێك کە (سێزەدە و چواردە و پانزەی) مانگی عەرەبیە ، یان ڕۆژی دوو شەم و پێنج شەم ، یان ڕۆژی عەرەفە یان ڕۆژی عاشوراو ، یان (١٠) دەی حاجیان یان شەشەلاَن.

زانایان دەڵێن مەبەست بە (وتابع الصیام) زۆر ڕۆژووگرتنی سونەتە نەك هەموو ڕۆژێك بە دوای یەك ڕۆژووی سونەت بگرێت.

وە هەروەها ئەم خانوانە لە بەهەشتدا بۆ ئەو کەسانەیە سەلامکردن لە ناو خەڵکیدا بلاَو دەکەنەوەو سەلام لە گشت کەسێك دەکەن ناسراو بن یان نەناسراو.

وە ئەم خانووە لە بەهەشت بۆ ئەم کەسەیە کە شەو نوێژ دەکات کاتێك کە زۆربەی خەڵکی نووستوون و لەشەو نوێژدا نین یان زۆر کەس هەیە نەنووستووە بەلاَم شەو نوێژ ناکات .

تێبینی : چۆنیەتی شەونوێژ کردن : پێشەکی مرۆڤ بە دڵی نیەتی دێنێ و دەبێت مەبەستی تەنها خودای پەروەردگار

بێت ، کەواتە نیەت هێنان بە دڵە و بەزمان نیە چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ نیەتی بە زمان نەهێناوە ئێمەش نابێت شتێك بکەین کە پێغەمبەری خودا ﷺ نەی کردبێت ، کەواتە کاتێك مرۆڤ هەڵدەستێت بۆ نوێژکردن ئەوە نیەتەکەیە جا ئەگەر لە دڵیدا نیەتی بۆ خودا بێت ئەوە لێی قەبوڵ دەکرێت ، بەڵام ئەگەر نیەتی بۆ جگە لە خودای پەروەردگار بێت ئەوە خودای پەروەردگار لێی قبوڵ ناکات ، وە باشترین کات بۆ شەونوێژکردن سێ یەکی ئاخری شەوە ، واتە شەو بکەینە سێ بەش بەشی سێ یەمیان لەم سێ بەشە لە گشتی خێرترە کە دەکاتە پێش بانگی بەیانی بە چەند کاتژمێرێك چونکە لەو کاتە دا خودای پەروەردگار دێتە ئاسمانی دونیا دەفەرموێت : ئایا هیچ کەسێك هەیە داوا لە من بکات تاوەکو وەڵامی بدەمەوە ، وە لەو کاتەدا خەڵك خەوتوون مرۆڤ نوێژەکەی زۆر بە دڵسۆزی بۆ خودای خۆی دەکات و بە دوور دەبێت لە ریا و سومعە ، وە هەروەها شیخ ناصر الدین الالبانی ڕەحمەتی خودای پەروەردگاری لێبێت ، دەفەرموێت : شەو نوێژ بەیازدە ڕکعەت دەکرێت ، یان بە

سێزدە رکەعەت ، بۆ نمونە ئەگەر بیەوێت یازدە رکعەت بکات ، دوو رکەعەت دوو رکەعەت دەکات ، پاشان لە کۆتاییدا یەك رکەعەت دەکات کە پێی دەڵێن ووتر ، بۆ زیاتر زانیاری سەیری کتابی (التعليقات الرضية على الروضة الندية) بکة (ج١،ص٣١٧ –٣١٨).

وە هۆکاری نوێژی ووتر ئەوەیە کە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : خودای پەروەردگار تاکە و تاکیشی پێ خۆشە ، وە هەروەها شەو نوێژ دروستە لە سەرەتای شەویش بکرێت یان لە ناوەڕاستی شەو بەڵام کۆتایی شەو لە هەمووی خێرترە هەر وەکو باسمان کرد .

الله أكبر


٥٢

فضل كفالة اليتيم

گەورەیی و پاداشتی بەخێوکردنی منداڵی بێ باوك

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ : ﴿أَنَا وَكَافِلُ الْيَتِيمِ فِي الْجَنَّةِ هَكَذَا ، وَقَالَ بِإِصْبَعَيْهِ السَّبَّابَةِ وَالْوُسْطَى﴾ صحيح الأدب المفرد.

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : من و ئەو کەسەی منداڵی بێ باوك بەخێو دەکات ، لە بەهەشتدا بە ئەندازەی نزیکی پەنجەی شەهادە و پەنجەی ناوەڕاست لە یەکتر نزیکین.



٥٣

فضل مَن قتل وزغة

گەورەیی و پاداشتی ئەو کەسەی کە سەر مازەڵەیەك بکوژێت

قال رسول الله ﷺ: ﴿مَنْ قَتَلَ وَزَغَةً فِي أَوَّلِ ضَرْبَةٍ كتب له مائة حسنة ، و من قتلها في الضربة الثانية ، فله كذا و كذا حسنة ، و إن قتلها في الضربة الثالثة ، فله كذا و كذا حَسَنَةٍ﴾ (صحيح الجامع الصغير و زيادته : ٦٤٦٠).

واتە: پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: هەر کەسێك سەرمازەڵەیەك بکوژێت بە لێدانێك ، بۆ نمونە : ئەگەر ویستی بە دارێك بیکوژێت با هەوڵ بدات بەیەکەم جار بیکوژێت کاتێك دارەکەی لێ دەدات ، زانایان دەڵێن هۆکاری ئەم جۆرە کوشتنە دەگەڕێتەوە بۆ دوو شت ، یەکەمیان : لەوانەیە ئەگەر هاتوو بە یەکەم لێدان بە دەستت نەکوژرێت یەکسەر هەڵبێت و لە دەستت ڕابکات پاداشتەکەت لە دەست بچێت ، وە یان مەبەست پێی ئەوەیە ئەگەر بە یەك جار

بیکوژێت ئازاری کەمتر دەبێت لەوەی کەوا بە دوو لێدان یان زیاتر بیکوژێت ، چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: ئەگەر ویستتان شتێك بکوژن بە جوانترین شێوە بیکوژن و زۆر ئازاری مەدەن .

کەواتە هەر کەسێك بە یەکەم لێدان بیکوژێت پاداشتێکی بێ ئەژماری بۆ هەیە ، وە هەرکەسێك سەرمازەڵەکە بە دوو لێدان بکوژێت واتە بە لێدانی دووەم لە دەستی بکوژرێت ، پاداشتێکی زۆری بۆ هەیە ، بەلاَم بە ئەندازەی پاداشتی ئەو کەسە نابێت کە بە یەکەم لێدان دەیکوژێت ، وە هەر کەسێك بە سێیەمین لێدان بیکوژێت پاداشتی زۆری بۆ هەیە .

لەم فەرموودە پیرۆزە دا پێغەمبەری خودا ﷺ هانی موسوڵمانان دەدات کەوا هەر کەسێك ئەم جۆرە گیاندارەی بینی بیکوژێت ، بە شێوەیەك کە هەر بینی زۆر بە توندی لێی بدات و یەکسەر بمرێت ، وە زانایان دەڵێن هۆکاری کوشتنی ئەم حەیوانە ئەوەیە حەیوانێکی پیس و ژەهردارەو ، وە لەو کاتەی پێغەمبەر ئیبراهیم (علیه السلام) کاتێك موشریکەکان خستیانە ناو ئاگر ، ئەم سەرمازەڵەیە فووی لە

ئاگرەکە دەکرد تاوەکو ئاگرەکە زیاتر خۆش بێت و گڕ بگرێت.

وە ووشەی (الوزغة) هەندێك لە زانایان دەڵێن بە مانای (سام أبرص) واتە حەیوانێکی بەڵەك و ژەهردار ، کە بە کوردی پێی دەڵێن سەرمازەڵە ، ئەو حەیوانەی کە بەسەر دیوار و سەقفی خانوو دێت و دەچێت .

وە هەندێکیان دەڵێن (الوزغة) بە مانای (التي تأخذ ضرع الناقة و تشرب من لبنها) واتە : ئەو حەیوانەی کەوا گوانی ووشتر ، یان غەیری ووشتر دەگرێت و شیرەکەی لێ دەخوات ، کە بە کوردی پێی دەڵێن بزن مژ .

بەڵام ئەوەی مەبەست دار بێت لەم فەرموودەیە مانای یەکەمە ، کە پێی دەڵێن بە کوردی سەرمازەڵە ، کە حەیوانێکی سەر خڕە لەسەر زگی دەخشێت و چوار لاقی هەیە و ، وە کلکێکی درێژی هەیە ، و زۆر زۆر گەورە نیە ، وە ڕەنگێکی بۆری هەیە وە سەری زۆر جار بەرز و نزم دەکات .

٥٤

فضلُ بَذل السلام ، و حسن الكلام

گەورەیی و پاداشتی سەلام بلاْوکردنەوە ، وە کردنی ووتەی نەرم و نیان لەگەڵ خەڵك

قال رسول الله ﷺ : ﴿إِنَّ مِنْ مُوجِبَاتِ الْمَغْفِرَةِ : بَذْلَ السَّلَامِ وَحُسْنَ الْكَلَامِ﴾ (صحيح الترغيب والترهيب).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی سرینەوەی تاوانەکانی مرۆڤ و خودای پەروەردگار لێی خۆش دەبێت ، ئەوەیە کە مرۆڤ سەلام کردن لە ناو خەڵکیدا بلاْو بکاتەوە ، وە هەروەها ووتەی نەرم و باش لەگەڵ خەڵکی دا بکات ، لەگەڵیان نەرم و نیان و بە رەحم بێت .

٥٥

فضل كثرة الاستغفار

گەورەیی و پاداشتی زۆر ووتنی (أَستغْفِرالله)

قال رسول الله ﷺ : ﴿طُوبَى لِمَنْ وَجَدَ فِي صَحِيفَتِهِ اسْتِغْفَارًا كَثِيرًا﴾ (صحيح الجامع الصغير وزيادته).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : ژیانێکی خۆش و ڕەزامەندی پەروەردگار بۆ ئەو کەسەی کە لە ڕۆژی دواییدا لەناو کتێبەکەی زۆر ئیستغفاری تیادا دەبینرێت .
ووشەی (طوبى) چۆن بە مانای ژیانێکی خۆش و ڕەزامەندی خودای پەروەردگاردێت ، بە مانای دارێکیش دێت کە دارێکی زۆر گەورەیە لە بەهەشتدا .

٥٦

فضل الدعاء

گەورەیی و پاداشتی داواکردن لە خودای پەروەردگار بە تەنیا

قال رسول الله ﷺ ﴿إِنّ الدُّعَاءَ هُوَ الْعِبَادَةُ " ثُمّ قَرَأَ : (ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ) ﴾ (غافر: ٦٠) ، (صحيح الأدب المفرد).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : داواکردن لە خودای پەروەردگار بە تەنیا عبادەتە ، واتە مرۆڤ پاداشتی لەسەر وەر دەگرێت ، چونکە خودای پەروەردگار زۆر حەزی لەوەیە کە بەندەکانی داوای لێ بکەن ، پاشان پێغەمبەری خودا ﷺ ئەم ئایەتە پیرۆزەی خوێندەوە کە باسی دوعاکردن دەکات ﴿ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ (غافر:٦٠)﴾ واتە : خودای پەروەردگار فەرموویەتی داوا تەنها لە من بکەن ئینجا وەڵامتان دەدەمەوە .

کەواتە خوێنەری بەرێز لەم فەرموودەیە بۆمان دەرکەوت کەوا دوعاکردن عیبادەتە ، وە هەموو کەسێکیش دەزانێت کە

دەبێت عیبادەت تەنها بۆ خودای پەروەردگار بکرێت ، نابێت عیبادەت بۆ جگە لە خودای پەروەردگار بکرێت ، چونکە دەبێتە شەریك و هاوەڵدانان بۆ خودای پەروەردگار لە پەرستندا ، کەواتە هەر موسوڵمانێك داوا لە جگە لە خودای پەروەردگار بکات ، ئەوە عیبادەتێکی بۆ ئەو کەسە ئەنجام داوە کە داوای لێ کردووە ، هەر وەکو دەبینین و دەبیستین هەندێك لە خەڵکی هەیە داوا لە پێغەمبەران و پیاوچاکان دەکەن ، ئەم داواکردنە دەبێتە شیرك و یەکێکە لە تاوانە هەرە گەورەکان ، هەر کەسێك بۆی ڕوون بکرێتەوەو تێ بگات کە ئەم کارەی ئەو دەیکات شیرکە توشی دۆزەخ دەبێت پەنا بە خودای پەروەردگار ، وە هەروەها لەم ئایەتە پیرۆزەش دا کە خودای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾ (غافر: ٦٠) بۆمان دەردەکەوێت کە خودای پەروەردگار دەیەوێت بەندەکانی تەنها داوا لەو بکەن ، خودای پەروەردگار نەی فەرمووە داوا لە من و وە لە غەیری منیش بکەن ، وە خودای پەروەردگار لە ئایەتێکی تر دا بە ئاشکرا نەهی لە داواکردنی غەیری خۆی دەکات و دەفەرموێت : ﴿فَلَا تَدْعُوا مَعَ

اللَّهِ أَحَدًا﴾ {سورة الجن/١٨} واتە : لەگەڵ خودای پەروەردگار داوا لە هیچ کەسێك مەکەن ، جا ئەو کەسە چ پێغەمبەر بێت ، یان مەلائیکەت بێت یان پیاوچاکان بن دروست نیە و هاوەڵدانانە بۆ خودای پەروەردگار ، چونکە زانایانی علمی (اصول الفقة) دەڵێن : النكرة في سياق النفي والنهي تفيد العموم ، واتە : ئەگەر هاتوو ووشەیەکی نەکیرە لە ڕستەیەکی نەهی هات یان لە رستەیەکی نەفی هات ، ئەوە ئەو ووشە نەکیرەیە فایدەی گشتی دەدات واتە گشت شتێك دەگرێتەوە ، لەم ئایەتە پیرۆزە دا دەبینین ووشەی (أحداً) هەیە کە ئیسمێکی نەکیرەیە وە لە بدایەتی ئایەتەکەش حەرفی (لا) ی ناهیە هاتووە ، بۆیە زانایان دەفەرموون ئەم ئایەتە دەلیلە کەوا دروست نیە هاوار و داوا لە هیچ کەسێك بکرێت ، ئەگەر پێغەمبەران و پیاوچاکانیش بن ، وە ئەم ئایەتە و غەیری ئەم ئایەتەش بەڵگەن بۆ ڕەدانەوەی ئەو کەسانەی کە دەڵێن: تەنها داواکردن لە سەنەم و دار و بەرد دروست نیە بەڵام داواکردن لە پێغەمبەران و پیاوچاکان دروستە ، ئەم قسەیە دژی ئایەتەکانی

قورئانە و قسەیەکی پوچ و باتڵە بانگەوازی کردنی خەڵکە بۆ شرك پەنا بەخودای پەروەردگار .

الله أكبر

٥٧

فضل الفقراء في يوم القيامة

گەورەیی و پاداشتی موسوڵمانە هەژار و بێ تواناکان لە ڕۆژی دواییدا

عَنِ النَّبِيِّ ﷺ ، قَالَ : ﴿قُمْتُ عَلَى بَابِ الْجَنَّةِ ، فَكَانَ عَامَّةُ مَنْ دَخَلَهَا الْمَسَاكِينَ ، وَأَصْحَابُ الْجَدِّ مَحْبُوسُونَ ، غَيْرَ أَنَّ أَصْحَابَ النَّارِ قَدْ أُمِرَ بِهِمْ إِلَى النَّارِ ، وَقُمْتُ عَلَى بَابِ النَّارِ ، فَإِذَا عَامَّةُ مَنْ دَخَلَهَا النِّسَاءُ﴾ (متفق عليه).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : من ڕاوەستام لەسەر دەرگای بەهەشت لە شەوی ئیسرا و میعراج دا ، سەیری بەهەشتم کرد بینیم زۆربەی ئەوانەی چووبوونە ناو بەهەشت هەژار و بێ تواناکان بوون ، وە ئیماندارە دەوڵەمەندەکانم بینی ڕاوەستێنرابوون لە بیابان دا حیسابیان لەگەڵ دەکرا هێشتا نەچوو بوون بۆ بەهەشت چونکە بە هۆی زۆری پارە و ماڵیان لە دونیادا حیسابیان درێژ بوو ، چونکە

پێغەمبەری خودا ﷺ لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت : مرۆڤ لە ڕۆژی دواییدا لێی دەپرسن ئایە ئەو ماڵەت چۆن بە دەست هێنا وە لە چیت سەرف کرد ، هەر لەبەر ئەمەیە فەقیرەکان پێشی دەوڵەمەنەدکان دەچن بۆ بەهەشت ، چونکە ماڵ و سامانێکی ئەوەندە زۆریان نیە تاوەکو حیسابیان لەسەر لەگەڵ بکرێت .

وە کافرەکان دەبردران بۆ ناو ئاگر ، بەڵاّم ئیمانداره هەژارەکان هەروەکو باسمان کرد ئەوان هەر زوو دەچن بۆ بەهەشت ، وە ئیماندارە دەوڵەمەندەکان بەهۆی دەوڵەمەندیان ڕاگیرابوون و حیسابیان لەگەڵ دەکرا بۆیە دوا کەوتبوون لە زوو چوونە بەهەشت ، وە پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی : لە دەرگای دۆزەخ سەیرم کرد زۆربەی ئەهلەکەی ژن بوون ، چونکە زۆربەی ئافرەتەکان هەر وەکو پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : زۆر چاکەکانی مێردی خۆیان لە بیر دەکەن و ئەگەر مێردەکەیان هەزار چاکەیان لەگەڵ بکەن بەڵاّم ئەگەر یەك خراپەیان لەگەڵ بکەن گشت چاکەکانی مێردی خۆیان لە بیر دەکەن ، کەواتە هەر ئافرەتێك لەگەڵ مێردی خۆی

باش بێت و لە کاری چاکدا سەرپێچی نەکات ، ئەم ئافرەتە دەچێتە بەهەشت و خودای پەروەردگار لێی ڕازی دەبێت ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئافرەتێکی ئیماندار و خواپەرست بێت ، چونکە زۆر ئافرەت هەیە لەگەڵ مێردی باشە بەڵام ئافرەتێکی بێ شەرم و بەرەڵایە ، کاتێك لە ماڵەکەی دەچێتە دەرەوە جلێکی ڕووت و تەسك لەبەر دەکات و وە سەر و پرچی خۆی ڕووت دەکات و ، وە خۆشترین بۆن لە خۆی دەدات و وە بەبێ مەحرەم دەچێتە دەر ، ئەم جۆرە ئافرەتانە ئەگەر لەگەڵ مێردیشیان باش بن ئەمانە پێغەمبەری خودا ﷺ دەربارەیان دەفەرموێت : (إلْعَنُوهُنَّ) واتە : لەعنەتیان لێ بکەن چونکە بە جلێکی رووت و تەسك دەچێتە دەرەوە ، وە فەرموویەتی هەر ئافرەتێك بۆنی خۆش لە خۆی بدات پاشان بچێتە ناو پیاوی بێگانە ، ئەم بۆنە خۆشەی لێ بکەن ئەمە ئافرەتێکی زینا کەرە .

بەڵام هەر ئافرەتێك ئیماندار بێت وە خودای پەروەردگار بپەرستێت ، وە لەگەڵ مێردی باش بێت ، وە جل و پۆشاکێکی شەرعی لەبەر بکات ، وە ئافرەتێکی بە شەرم و حەیا بێت ،

ئەمە ئافرەتێکی بەڕێزە لە لای خودای پەروەردگار ، یەکێکە لەو ئافرەتانەی کەوا خودای پەروەردگار بە رەحمەتی خۆی دەیان خاتە بەهەشتەوە ، بۆ نمونە یەکێك لەو ئافرەتە ئیماندارانەی کەوا خودای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆز دا مەدحی کردوە ، خێزانی فیرعەونی میسر بوو ، وە دایکی عەماری کوری یاسر هەر لە دونیا مژدەی بەهەشتیان پێ بەخشرا ، هەر وەکو پێغەمبەری خودا ﷺ بە ئالی یاسری دەفەرموو : (اصبروا آل یاسر فإن موعدكم الجنة) واتە : ئارام بگرن ئەی خزم و کەسی یاسر لە بەهەشت یەکتر دەبینینەوە ، وە زۆر ئافرەتی تر هەیە کەوا خۆشەویستی خودان ، بۆیە پێویستە گشت ئافرەتە موسولمانەکان شوێن ئەوان بکەون ، بۆ ئەوەی وەکو ئەوان رەزامەندی خودای پەروەردگار بە دەست بێنن .

٥٨

فضل التوكل على الله تعالى

گەورەیی و پاداشتی تەنها پشت بەستن بە خودای پەروەردگار لە هەموو کارێکدا

قَالَ النَّبِيُّ ﷺ ﴿عُرِضَتْ عَلَيَّ الْأُمَمُ فَجَعَلَ يَمُرُّ النَّبِيُّ مَعَهُ الرَّجُلُ ، وَالنَّبِيُّ مَعَهُ الرَّجُلَانِ ، وَالنَّبِيُّ مَعَهُ الرَّهْطُ ، وَالنَّبِيُّ لَيْسَ مَعَهُ أَحَدٌ ، وَرَأَيْتُ سَوَادًا كَثِيرًا سَدَّ الْأُفُقَ ، فَرَجَوْتُ أَنْ تَكُونَ أُمَّتِي ، فَقِيلَ هَذَا مُوسَى وَقَوْمُهُ ، ثُمَّ قِيلَ لِي : انْظُرْ ، فَرَأَيْتُ سَوَادًا كَثِيرًا سَدَّ الْأُفُقَ ، فَقِيلَ لِي انْظُرْ هَكَذَا وَهَكَذَا ، فَرَأَيْتُ سَوَادًا كَثِيرًا سَدَّ الْأُفُقَ ، فَقِيلَ هَؤُلَاءِ أُمَّتُكَ وَمَعَ هَؤُلَاءِ سَبْعُونَ أَلْفًا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ بِغَيْرِ حِسَابٍ " ، " هُمُ الَّذِينَ لَا يَتَطَيَّرُونَ ، وَلَا يَسْتَرْقُونَ ، وَلَا يَكْتَوُونَ ، وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ " ، فَقَامَ عُكَّاشَةُ بْنُ مِحْصَنٍ ، فَقَالَ : ادْعُ اللهَ أَنْ يَجْعَلَنِي مِنْهُمْ ، قَالَ: اللَّهُمَّ اجْعَلْه مِنْهُمْ ، ثم قام رجل فقال : ادْعُ اللهَ أَنْ يَجْعَلَنِي مِنْهُمْ ، فَقَالَ : سَبَقَكَ بِهَا عُكَاشَةُ﴾ متفق عليه .

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : ئومەتەکان لەگەڵ پێغەمبەرەکانیان نیشانی من دران ، من پێغەمبەرێکم بینی تەنها یەك کەسی لەگەڵی دەڕۆیشت و ئیمانی پێ هێنابوو لە ناو گشت ئومەتەکەیدا ، وە پێغەمبەرێکم بینی تەنها دوو کەسی لەگەڵ دابوون و ئیمانیان پێ هێنابوو ، وە پێغەمبەرێکم بینی تەنها چەند پیاوێك ئیمانیان پێ هێنابوو ، وە پێغەمبەرێکم بینی هیچ کەسی لەگەڵ نەبوو و ئیمانیان پێ نەهێنابوو ، خوێنەری بەرێز : ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا زۆرینە بەڵگە نیە لەسەر حەقیەتی ، چونکە زۆر کەس وا تێ دەگات خەڵك زیاتر شوێن کێ بکەون ئەوا ئەو کەسە لەسەر حەقە ، نەخێر زۆربەی جار وانیە ، چونکە پێغەمبەری خودا ﷺ لەم فەرموودەیە دەفەرموێت : پێغەمبەری وا هەیە هیچ کەس شوێنی نەکەوتووە و ئیمانیان پێ نەهێناوە ، کەواتە ئایە دەتوانین بڵێین ئەم پێغەمبەرە ناحەق بووە بۆیە کەس شوێنی نەکەوتووە نەخێر پەنا بەخوا بەڵکو خەڵکەکە ناحەق بوونەو شوێن ڕێچکەی شەیتان کەوتبون نەك شوێن ڕێگە ڕاستەکەی ئەم پێغەمبەرە ، کەواتە

ئەمڕۆش کە دەبینین ئەوانەی لەسەر ڕێبازو سونەتی پێغەمبەر ﷺ دەڕۆن ، بەڵام بەبێ حزبایەتی و مەبەستێکی سیاسی دونیایی دەبینین ڕێژەیان کەمترە لەوانەی لەسەر ڕێبازی مارکسیەت و لادینی دەڕۆن ، یان ئەوانەی کە ئاینی ئیسلامیان کردوەتە وەسیلەیەك بۆ بە دەست هێنانی دەنگ و کۆکردنەوەی ڕێژەی زۆر بۆ ئەوەی بگەن بە کورسی و دەسەڵات و بەدەست هێنانی بودجەی باش .

پاشان پێغەمبەری خودا ﷺ فەرمووی کۆمەڵە کەسانێکی زۆرم بینی بەشێکی ئاسمانیان دا پۆشی بوو بە هۆی زۆریان حەزم دەکرد ئەوانە ئومەتی من بن ، بەڵام پێم ووترا ئەوە موسایە لەگەڵ قەومەکەی خۆی ، بەڵام ئەوانە ئەم کەسانە بوون کە ئیمانیان پێ هێنابوو وە دینەکەیان نەگۆڕیبوو ، پاشان پێیان ووتم : سەیر بکە بینیم خەڵکێکی زۆر لە زۆریان ڕەش دەکران و بەشێکی ئاسمانیان داگرتبوو ، پاشان پێیان ووتم سەیری لای ڕاست و چەپت بکە ، بینیم خەڵکانێکی زۆر بەشێکی ئاسمانیان داگرتبوو ، ئەمەش بەڵگەیە کەوا ئومەتی ئیسلام لە جولەکەکان زیاترن بۆ چونە بەهەشت ، پاشان بە

پێغەمبەریان ووت ﷺ ئەو کۆمەڵە کەسانەی دەبینی ئومەتی تۆن ، وە لە ناو ئەوانە دا حەفتا هەزار کەس بەبێ حیساب دەچنە بەهەشت بەبێ ئەوەی حیسابیان لەگەڵ بکرێت ، بەڵام سیفەتی ئەم حەفتا هەزار کەسە ئەوەیە باوەڕیان بە هەڵفڕاندنی تەیر نیە بۆ خێر و شەڕ ، چونکە زۆر کەس هەبوون لە خەڵکی ئەگەر بیان ویستبایە سەفەرێك بکەن ، ئەوا تەیرێکیان دە هێناو هەڵیان دەفڕاند ئەگەر تەیرەکە بەلای چەپ دا رۆیشتبایە ئەوا سەفەرەکەیان نەدەکرد وە ئەگەر بەلای ڕاستیان دا ڕۆیشتبا سەفەرەکەیان بە باش دادەنا ، ئەم جۆرە بیروباوەڕە شیرکە و کوفرە ، چونکە هەموو شتێك بەدەست خودای پەروەردگارە هیچ مەخلوقێك خێرو چاکەی بە دەست نیە ، یان لادانی شەری بە دەست نیە ، وە سیفەتی دووەمیان لەم حەفتا هەزار کەسە ئەوەیە کاتێك نەخۆش دەکەون داوای قورئان خوێندن یان دوعا خوێندن لەهیچ کەسێك ناکەن لەسەریان بخوێنێت ، بەڵکو تەنها پشتیان بە خودای خۆیان دەبەستن و داوا تەنها لەو دەکەن ، وە سیفەتی سێیەمیان ئەوەیە کاتێك نەخۆش دەکەون داوا لە هیچ

کەسێك ناکەن بێن داغیان بکەن بەئاگر و چارەسەری نەخۆشیەکەیان بکەن ، سیفەتی چوارەمیان ئەوەیە تەنها پشت بە خودای پەروەردگار دەبەستن و پشت بە هیچ شتێك جگە لە خودای پەروەردگار نابەستن چونکە خودای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆز دا دەفەرموێت: ﴿وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ﴾ (الطلاق : ٣) واتە : هەر کەسێك پشت بە خودای پەروەردگار ببەستێت خودای پەروەردگار بە کیفایەتی ئەوەو لە هەموو شتێك ڕزگاری دەکات .

پاشان (عُكَّاشة) ڕەزای خودای پەروەردگاری لێ بێت هەستاو فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ داوا بکە لە خودای پەروەردگارکە من لە یەکێك لەو حەفتا هەزارە حیساب بکات ، پێغەمبەری خودا ﷺ دوعای بۆ کردوو فەرمووی خودایە گیان عوکاشە با یەکێك بێت لەو حەفتا هەزار کەسە ، وە لە ریوایەتێکی تر دا پێغەمبەری خودا ﷺ پێی دەفەرموێت : تۆ یەکێکی لەوانە ، پاشان لە دوای عوکاشە پیاوێکی تر هەڵساو ووتی : ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ داوا لە خودای پەروەردگار بکە با منیش یەکێك بم لەوانە ، پێغەمبەری خودا ﷺ

فەرمووی عوکاشە لەم شتەدا پێش تۆ کەوتوو ئەو زووتر داوای کرد .

کەواتە : موسوڵمانی بەڕێز پێویستە بزانین کەوا پشت بەستن تەنها بە خودا لەکاتی خۆشی و ناخۆشی دا ئەم پاداشتە گەورەیەی پێوە بەندە ، بەڵام ئەگەر پشت ببەستی بە دار تاوك و ناڵی کەر و پەڕۆی سەوز و قەبری پیاوچاکان و وە زۆر شتی تر ، ئەوە بزانە تۆ شرکێکی گەورەت کردووەو دەبێت هەر بە پەلە داوای لێ خۆشبوون بکەیت لە خودای پەروەردگار ، پێش ئەوەی لەسەر ئەم بیروباوەڕە پوچە بمری ، زۆر کەس هەیە ئێستاش پەڕۆکی سەوز لە باسکی منداڵەکانی دەبەستێت ، یان لە ناو سەیارەکەی دەبەستێت بە مەبەستی ئەوەی کەوا بپارێزێت لە چاوو زار و بەلاَ و ناخۆشی ، خوێنەری بەڕێز بزانە ئەوەی مرۆڤ لە چاوو زارو بەلاَ و ناخۆشی دەپارێزێت تەنها خودای پەروەردگارە جگە لە خودای پەروەردگار هیچ کەسێك ناتوانێت ناخۆشی لە خۆیان لابدەن تاوەکو لە تۆ لابدەن .

بە تایبەتی پەڕۆکێکی بێ دەسەڵات و بێ گیان ، یان ناڵە کەرێکی هەڵواسراو بە مەبەستی گێڕانەوەی چاو و زار ، ئەم جۆرە شتانە پەیوەندیان بە دینی ئیسلامەوە نیە ، بەڵکو ئەمە دینی موشریکەکانە ، هەر بۆیە لەوفەرموودەی کە باسمان کرد بینیمان کە ئەو کەسانەی دەچنە بەهەشتەوە بەبێ حیساب ئەو کەسانەن کە داوای قورئان خوێندنیش لەکەس ناکەن کە لەسەریان بخوێندرێت لەکاتی نەخۆشیان ، ئەگەر چی قورئان خوێندن لەسەر نەخۆش دروستە و ڕێ پێ دراوە ، بەلاّم ئەم جۆرە کەسانە ئەوەندە پشت بەخودای خۆیان دەبەستن داوای قورئان خوێندنیش لە غەیری خۆیان ناکەن ، کەواتە : دەبێت حاڵی ئەو کەسانە چۆن بێت کە داوای خۆڵی قەبری پیاوچاکان دەکەن ، یان پەڕۆی سەرگۆری پیاوچاکان بە خۆیان و ماڵ و مناڵ و سەیارەیان هەڵدەواسن ، کەواتە دەبێت هەموومان شوێن ئایەتە پیرۆزەکانی خودای پەروەردگار بکەوین و شوێن فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ بکەوین ، بە دوور بکەوینەوە لە شرك و خورافەت و پەڕۆ پەرستی و نوشت پەرستی و قەبر پەرستی ، تەنها پشت بە خودای پەروەردگار ببەستین و هیچ شتێکی بۆ نەکەینە شەریك .

٥٩

فضل حسن الخلق

گەورەیی و پاداشتی ڕەوشت جوانی

قال رسول الله ﷺ: ﴿مَا شَيْءٌ أَثْقَلُ فِي مِيزَانِ الْمُؤْمِنِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ خُلُقٍ حَسَنٍ﴾ صحيح الادب مفرد.

واتە: پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: هیچ شتێك نیە لە تەرازووی مرۆڤ لە ڕۆژی دواییدا قورستر بێت لە ڕەوشت جوانی.

کەواتە: لەم فەرموودەیە دا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕەوشت جوانی پاداشتێکی زۆر گەورە مرۆڤ لەسەری وەردەگرێت لە ڕۆژی دوایدا ، وە ڕەوشت جوانی ئەوەیە کە مرۆڤ لەگەڵ خەڵك باشبێت و چاکەیان لەگەڵ بکات خەڵك لە ژێر دەست و زمانی سەلامەت بن ، وە زۆر فەرموودەی تر هەیە کە پێغەمبەری خودا ﷺ باسی گەورەیی و پاداشتی ڕەوشت جوانی کردوە لەوانە: ﴿أَكْمَلُ الْمؤْمِنِينَ إِيماناً أحْسَنُهُمْ خُلُقاً﴾ (حديث صحيح) واتە: تەواوترینی ئیمانی ئیمانداران ئەو

کەسانەن کە خوڕەوشتیان جوانە ، وە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ المؤمنَ لَيُدْرِكُ بِحُسْنِ خُلُقِهِ دَرَجَةَ الصّائِمِ القَائِمِ﴾ (صحيحه الالباني في صحيح ابن حبان) واتە: ئیماندار بە هۆی خوڕەوشت جوانی ئەجر و پاداشتی دەگات بە ئەجری کەسانی ڕۆژوو گروو شەو نوێژ خوێن .

وە دەفەرموێت : ﴿أَكْثَرُ مَا يُدْخِلُ النّاسَ الْجَنّةَ تَقْوَى اللّهِ وَحُسْنُ الْخُلُقِ﴾ (صحيح الادب المفرد) واتە: زۆرترین و باشترین عیبادەت کە مرۆڤ بباتە بەهەشت لە خوا ترسانە ، وە خوڕەوشت جوانیە ، وە زۆر فەرموودەی تر هەیە سەبارەت بە ڕەوشت جوانی و گەورەیی و پاداشتی ، داواکراین لە خودای پەروەردگار ڕەوشتمان جوان بکات بەرامبەر بە دینەکەی وە بەرامبەر بە نێردراوەکەی وە بەرامبەر گشت موسوڵمانان ، ئامین .

٦٠

فضل الأذان

گەورەیی و پاداشتی بانگدان

قال رسول الله ﷺ: ﴿لَا يَسْمَعُ مَدَى صَوْتِ الْمُؤَذِّنِ جِنٌّ وَلَا إِنْسٌ وَلَا شَيْءٌ إِلَّا شَهِدَ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ (رواه البخاري).

واتە : پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : نابیستن دەنگی بانگدەر جنۆکەکان یان مرۆڤەکان یان هەر شتێك بێت لە دارو بەردو شتی تر ئیلا ئەم شتەی گوێی لە دەنگی ئەم بانگ دەرە بووە شایەدی بۆ دەدات لە ڕۆژی دواییدا .

کەواتە کاتێك زانیمان بانگدان پاداشتێکی زۆر گرنگی هەیە ، کە هەر شتێك گوێی لێبێت شایەدی بۆ خاوەنەکەی دەدەن ، پێویستە بزانین ئایە بانگدان چۆنە ، بۆ ئەوەی ئەم خێرە چاکە بە دەست بێنین .

بانگدان بەم شێوەی خوارەوەیە :

١. چوار جار دەڵێیت : ﴿الله أكبر﴾ بەم شێوەیە ﴿الله أكبر، الله أكبر، الله أكبر، الله أكبر﴾ ، هەر دووك تەكبیرەكە بە یەك نەفەس دەیلێی .

٢. دوو جار دەڵێیت : ﴿أشهد أن لا إله إلا الله، أشهد أن لا إله إلا الله﴾.

٣. دوو جار دەڵێیت : ﴿أشهد أن محمداً رسول الله، أشهد أن محمداً رسول الله﴾.

٤. دوو جار دەڵێیت : ﴿حَيَّ على الصلاة، حَيَّ على الصلاة﴾.

٥. دوو جار دەڵێیت : ﴿حَيَّ على الفلاح، حَيَّ على الفلاح﴾.

٦. دوو جار دەڵێیت : ﴿الله أكبر، الله أكبر﴾.

٧. یەك جار دەڵێیت : ﴿لا إله إلا الله﴾.

وە ئەو كەسەی كە بانگ دەدات پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تیا بێت :

١. دەبێت موسوڵمان بێت .
٢. دەبێت کەسێکی عاقڵ بێت کەسێکی شێت یان منداڵ نەبێت ، بەڵام زانایان دەڵێن : ئەگەر هاتوو منداڵەکە عاقڵ بوو دروستە بانگ بدات .
٣. دەبێت نێر بێت واتە ئافرەت نابێت بانگ بدات .
٤. دەبێت کەسێکی لە خوا ترس بێت و فاسق نەبێت .
٥. وە سونەتە دەست نوێژی هەبێت (واتە: بانگدان بە بێ دەست نوێژیش دەبێت بەڵام خێرترە و باشترە دەست نوێژی هەبێت) .
٦. وە سونەتە دەنگی خۆش بکات لە کاتی بانگدان ، وە بەرزی بکاتەوە .
٧. سوننەتە لە شوێنێکی بەرز بانگ بدات ئەگەر هاتو مایکی بانگدان نەبوو .
٨. سوننەتە بەرەو قیبلە بانگ بدات ، وە ملی خۆی بسوڕێنێت بەلای ڕاست دا کاتێك دەڵێت: (حَيَّ على الصلاة) وە بە لای چەپ دا کاتێك دەڵێت : (حَيَّ على الفلاح).

تێبینی : لە کاتی وەرگێڕانی ئەم (٦٠) فەرموودەیە سوودم وەرگرتووە لەم کتابانەی خوارەوە .

١. شرح صحيح مسلم – للامام النووي رحمه الله .
٢. مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح – لأبو حسن نوردين الملا الهروي القاري .
٣. مرعاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح – لأبو حسن عبدالله بن محمد المباركفوري.
٤. كشف المشكل من حديث الصحيحين – جمال الدين أبو الفرج عبدالرحمن الجوزي.

کۆتـایی

لە کۆتاییدا داوا دەکەم لە خودای پەروەردگار ، ئەم کارەم بۆ بکات بە پاداشتێکی گەورە و لێم قەبووڵ بکات ، بەڕاستی هەر کەسێك بیر بکاتەوە لەم (٦٠) فەرموودەیە ، بۆی دەردەکەوێت کە خودای پەروەردگار زۆر بەڕەحم و بەخشندەیە بەرامبەر بە بەندەکانی ، دەبینین بە ئەنجامدانی کارێکی زۆر ئاسان خودای پەروەردگار پاداشتێکی زۆر گەورە بە بەندەکانی دەبەخشێت ، بۆیە کاتێك زانیمان خودای پەروەردگار بەرامبەرمان زۆر بە ڕەحم و بەخشندەیە ، پێویستە ئێمەش بە تەواوی ببین بە بەندەی ئەو ، تەنها ئەو خودایە بە ڕەحم و بەخشندەیە بپەرستین و هیچ هاوەڵێکی بۆ دانەنێین ، وە هەروەها لەم فەرموودە پیرۆزانە دا ڕەحم و دڵسۆزی پێغەمبەری خودامان ﷺ بۆ دەردەکەوێت ، دەبینین هەر لە سەردەمی پێغەمبەرایەتیدا تاوەکو وەفات بوونی ، هەردەم هانی خەڵکی دەدا بۆ گشت ئەو شتانەی سەرفرازی دونیا و دواڕۆژی پێوە بەندە ، بۆیە پێویستە لەسەرمان

شوێن ئەو پێغەمبەرە دڵسۆزە بکەوین و گوێڕایەڵی بکەین ، وە دوور بکەوینەوە لە شوێن کەوتنی ئەو کەسانەی لایان داوە لە ڕێبازە ڕاستەکەی ئەو کە بە کەسانی لاڕێ و گومڕا و بیدعەچی ناسراون .

وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم

وآخر دعوانا ان الحمدلله رب العالمين

اللهم تقبل منا إنك أنت السميع العليم

وتب علينا إنك أنت التواب الرحيم

تمت بحمدالله في ٢ شوال ١٤٣٣هـ ، ٢٠١٢/٩/٧م

ليلة السبت – سۆران

ناوەڕۆك